Remove Watermark Now

بریسکەی بیست و سێھەم

پەیامی سروشت

ئەم پەیامە لە بنەڕەتدا یادخەرەوەی شازدەھەم بـوو لـە پـەیامی یادخـەرەوەکان (واتە بریسکەی حەڤدەھەم) بەڵام لەبەر ئەو گرنگییە بـەرزەی کـە تیایدایـە، جیـا کرایەوە و کرا بە (بریسکەی بیست و سێھەم) چونکە ئەم پەیامە ئەو جۆرە کوفرە قەڵاچۆ دەکات کە لە چەمکی "سروشت"ەوە پەیدا بووە. بە چەشنێکی وا کە ئیـتر نەتوانێت لـەسەر پێ ڕابووەستێ و، بەردی بناغەشی ڕیشەکەن دەکات.

بێدارکردنەوەیەك:

ئەم پەیامە چییەتی(ماھیـــة)ی ئەو ڕێڕەوەی ڕوون کردووەتەوە کە سروشت پەرستە سەرکەشەکان دەیگرنەبەر و، مەودای دووریی ئەو ڕێڕەوەی لە تەرازووەکانی ژیرییەوە و ڕادەی خورافییەتیشی خستووەتە پێش چـاو. ئەمـەش لـــە ڕێـی باسـکردنی "نـۆ" دانـە مەحاڵ(نەگونجاو) کە لە بنەڕەتدا بە لای کەمەوە پوختـە و کورتـەی "نەوەد" دانە مەحاڵن کە لەم کێشەیەدا ھەن.

جا لـەبەر ئەوەی ھەندێك لەو مەحاڵانە لە چـەند پـەیامێکی تـردا ڕوون کراونەتـەوە، ئـەوا پوختەکـەیان لـــە نـاوەندی ئـەم مـەحاڵ و نەگونجاوانـەی ئێرەشـدا ھێنـراون، یـان زۆر بـە کورتـی لـێرەدا بـاس کراونەتەوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش و بە دڵدا دێت کە:

مادەم ئـەو ڕێـڕەوەی سروشـت پەرستان گرتوویانەتەبـەر تـا ئـەم ڕادەیـە گـیرو گرفت و خورافــەتی تێدایـە، ئیـتر چـۆن چـەندین فەیلەسـووف و زانـای بـەناوبانگ و گـەورە گرتوویانەتەبـەر و جڵەوی ژیریی خۆیان داوەتە دەست؟

وەڵام:

ئـەو فـەیلەسـووف و زانایانـە "ڕاسـتی" و "نـاوەڕۆک"ی ئەو ڕێباز و ڕێڕەوەیان بـۆ دەرنەکـەوتووە[1]. لەبەر ئەوە، بەو مـەحاڵ و گێرو گرفت و دەرەنجامە دوور لـە ژیریانەشیان نەزانیوە کـە ئەو ڕێگایە داخوازیەتی و، لە سەرەتای هەموو مـەحاڵێکی ئەم پەیامـەدا باس کراون.

وا ئێستا من ئامادەم بۆ ئەوەی چەندین بەڵگەی ڕوون و بـەهێز و توندوتۆڵ بۆ هەموو ئەو کەسانە بهێنمەوە کـە تـا ئێستاش گومانیـان لەم مەسـەلەیەدا هەیە و، لـەم پەیامـەدا ئەمەیان بـە درێژی بـۆ ڕوون دەکەمەوە.

بسمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحيم

﴿قالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللهِ شَكٌّ فاطِرِ السَّمواتِ والأَرضِ﴾ (إبراهيم: ١٠)

ئەم ئایەتە پیرۆزە، بە بۆنەی ئەو پرسیارەی کە تیایدایە و بۆ مەبەسـتی ئینکاری کردنی هەڵوێستی بەرامبەر هێنراوەتـەوە، بەڵگەیـەکی بـەهێزی ڕوون و گـومـان لـێ نـەکراوی "بوون" و "یەکتایی" خوای گەورەیە.

بـەڵام پێـش ئـەوەی ئـەم نهێنییـە بە ڕوونی ئاشکرا بکـەین، دەمانـەوێ بـۆ ئاگـادار کردنەوەی خوێنەری بەڕێز ئەمەی خوارەوەی پێش چاو بخەین:

---

(١) ئەو هۆیەی کە بە تەواوی بۆ دانانی ئەم پەیامە هانی دام، ئەوە بوو کە هەستم کرد هێرشێکی توندوتیژ لەسەر قورئانی پیرۆز و ڕاستییەکانی ئیمان لە ئارادایە لە ڕێی ناشـیرین کـردن و ئاڵۆزاندنی ئەو ڕاستیيانە و، بەستنەوەی ئیلحاد بە سروشتەوە لە ڕێگای بڕیاردانی چەند پەیوەندییەکی وەهمییەوە، هـەروەها بڕینی ناوی خورافەت بەسەر ئەو شتانەی کە ژیرییە کورتبین و بۆگەنەکانی ئەوانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن، هەستی پێ ناکەن!

جا ئەو هێرشـەی ئەوان تووڕەبوونێکی بەتینی لـە دەروونـدا هـەژاند و گڕکـانێکی گـەورەی بـەردینی لـە دڵمدا تەقاندەوە کە لە دڵەوە پەرەی سەند و شێوازی پەیامەکەشی گرتەوە. ئەوەتا ئەم پەیامە سەرو گوێلاکی ئەو موڵحید و ناحەقڕەوانەی - کە پشت لە حەق هەڵدەکەن - بەو بەردە گـڕکانیيانە داگـرتووەتەوە. دەنـا داب و شێوازی "پەیامەکانی نوور" لە بنەڕەتدا بریتییە لە نەرمی و لەسەرخۆیی لە باسکردنی ئەو بابەتانەی کە لێیان دەدوێت. (دانەر)

لە ساڵی (١٣٣٨)دا[(١)] بانگێشتیان کردم بۆ ئەنقەرە. کە ڕۆشتم، لەوێ دڵخۆشی و شادمانیی ئیماندارانم بینی بە بۆنەی سەرکەوتنی سوپای ئیسلامەوە بەسەر یۆنانی‌یەکاندا. بەڵام لە هەمان کاتدا جموجووڵی سامناکی بێ‌بڕوایی و ئیلحادیشم بینی کە لە ڕێی بەکارهێنانی فرتوفێڵ و لەخشتەبردنی خەڵکی‌یەوە خەریکی جێ کردنەوەی چەمکەکان(المفاهیم)ی خۆی بوو لەناو دڵ و دەروون و بیروباوەڕی دامەزراوی ئیمانداراندا، بۆ ئەوەی لەخشتەیان ببات و بیروباوەڕیان ژەهراوی بکات.

منیش کە ئەمەم بینی و هەستم پێ‌کرد، لە ناخی دڵمەوە داخ و خەفەت دایگرتم و، لە دەست ئەو دێوە سامناکەی کە دەیەوێت پەلاماری پایە و بنچینەکانی ئیمان بدات، هاوار و هانام بردە لای خوای گەورەی بەدەستەڵات و پەنام بەم ئایەتە پیرۆزە برد و دەستم پێوە گرت.

ئەوەبوو نامیلکەیەکی بچووکم بە زمانی عەرەبی دانا و، لە چاپخانەی: (ڕۆژی نوێ Yeni Gün)ی ئەنقەرە لە چاپم دا و بڵاوم کردەوە، کە بەدیهی‌یەتی: "بوون" و "یەکتایی" خوای گەورەم تێدا چەسپاندبوو. بەهۆی ئەو بەڵگە بەهێز و پتەوانەی کە لە نووری قورئانی پیرۆز وەرم گرتبوون و سەری هەژدیهای بێ بڕواییم پێ کوتابوونەوە و لەو نامیلکەدا باسم کردبوون..

بەڵام جێ‌دەست و شوێنەواری ئەو بەڵگە بەهێزانە لە بەرەنگاری کردنی بێ بڕوایی و ئیلحاددا دەرنەکەوت، چونکە ئەو نامیلکەیەی کە چاپم کردبوو تابڵێی پوخت و کورت بوو، جگە لە کەمیی ئەوانەش کە بایەخیان بە زمانی عەرەبی دەدا. لەبەر ئەمانە، وەهم و خەیاڵەکانی ئەو ئیلحادە – بە داخەوە – پتر لە گەشە و بڵاوبوونەوەدا بوون. ئەمەش ناچاری کردم کە جارێکی تر ئەو بەڵگانە بە زمانی تورکی و بە جۆرێکی درێژتر و ڕوونتر سەرلەنوێ بنووسمەوە. کە نووسیشمەوە ئەم پەیامەی بەردەستی خوێنەری بەڕێز دەرچوو.

جا لەبەر ئەوەی هەندێك لەم بەڵگانە لە هەندێ پەیامی تردا ڕوون کراونەتەوە، ئەوا لێرەدا بە کورتی باس دەکرێن. هەندێکی تریش لەو بەڵگانەی کە لە پەیامەکانی تردا بڵاو کراونەتەوە، لێرەشدا دەرکەوتوونەتەوە. وەك بڵێی هەرکام لەو بەڵگانە بەشێکی ئەم پەیامە بن.

---

(١) بە مێژووی ڕۆمی، کە دەکاتە: (١٩٢٢ز) و (١٣٤٠ك). (وەرگێڕ)

پێشەکی

برای مرۆڤم!

بزانە و ئاگاداری ئەوە بە کە چەند وشەیەکی سامناك هەن لە زاری خەڵکیەوە دەردەچن و بۆگەنی کوفریان لێوە دێت و، بەسەر زاری ئەهلی ئیمانیشدا تێدەپەڕن، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، یاخود هەست بە بۆگەنی و مەترسیی ئەو وشانە بکەن. وا ئێمەش تەنها سیانی گرنگیان لێ باس دەکەین:

یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێن: (هۆکارەکان دروستیان کردووە). واتە هۆکارەکان شت دروست دەکەن.

دووهەمیان، دەڵێن: (ئەو شتە لە خۆیەوە دروست بووە). واتە هەرچی شت هەیە خۆی خۆی دروست کردووە و، لە خۆیەوە پەیدا بووە و، ئەو شکڵ و شێوەیەی گرتووەتە خۆ.

سێهەمیان، دەڵێن: (ئەو شتە سروشت داخوازی بووە). واتە شتێکی سروشتییە و سروشت بەدیی هێناوە و ویستوویەتی.

بەڵێ، مادەم بوونەوەران هەن و لە بەرچاودان، بە چەشنێ کە هەرگیز ڕێی سەرپێچی کردن لە بوونیاندا نییە.. هەروەها مادەم هەموو ئەو شتانەی کە لە بوونەوەردا هەن بەوپەڕی ڕێکوپێکی و داناییەوە دێنە جیهانی "بوون" و، هیچ کامیشیان ئەزەلی نین، بەڵکو هەموو تازە و دروستکراون..

مادەم ئەمە حاڵی بوونەوەرانە، ئیتر تۆش – ئەی بابای مولحید!– تەنها چوار ڕێگات بۆ ئەم مەسەلەیە لە بەردەمدایە:

یان ئەوەیە دەڵێیت: هەر شتێك لە بوون(وجود)دا هەیە – با بڵێین زیندەوەرێك بێت – هۆکارەکانی ناو ئەم جیهانە دروستی دەکەن. واتە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هۆکارە ماددییەکانەوە بوونی دەست دەکەوێت..

یان دەڵێیت: خۆی لە خۆیەوە پێکهاتووە..

یان دەڵێیت: لەسەر داخوازی و بە کاریگەریی سروشت دێتە ناو جیهانی بوونەوە.

یان ئەوەیە باوەڕت بە هیچ کام لەمانە نییە. ئەو کاتە دەبێ بڵێیت:

(توانستی خواوەندی بەدیهێنەری بەتوانای شکۆمەند دروستی دەکات و بوونی پێ دەبەخشێت).

چونکە بەپێی تەرازووەکانی ژیری، جگە لەم چوار ڕێگایە هیچ ڕێگایەکی تر لە گۆڕێدا نییە بۆ لێکدانەوەی دروستبوونی بوونەوەران.
جا ئەگەر بە شێوەیەکی بێ گومان ئەوە چەسپا کە سێ ڕێگاکانی پێشوو بەتاڵ و مەحاڵ و نەگونجاون، ئەوا بەپێی زەرووڕەت و بەداهەت ڕێی چوارەم دەچەسپێت، کە بریتییە لە ڕێی بێ گومان و دڵنیاییبەخشی "بوون" و "یەکتایی" بەدیهێنەری میهرەبان!

ڕێگای یەکەم

ڕێی یەکەم ئەو ڕێگایەیە کە دەڵێت: (کۆبوونەوەی هۆکارەکانی جیهان دەبنە هۆی دروستبوونی بوونەوەران و پێکهاتنی شتان)!
ئێمەش لە نێوان ئەو مەحاڵە زۆرانەی کە لەم ڕێگایەدا هەن، تەنها سیانیان باس دەکەین:

❑ **مەحاڵی یەکەم:**

سەرنج لە هەر دەرمانخانەیەك بدەیت، سەدان شووشەی پڕ لە ماددەی کیمیایی جۆراوجۆری تێدا دەبینیت..
گریمان پێویستییەك هاتە ئاراوە بۆ پێکهێنانی زیندە هەویرێك لەو ماددە و دەرمانانە. هەروەها پێویست بوو زیندە ماددەیەکی نائاسایی و دژ بە ژەهرەکانیان لێ پێك بهێنرێت و، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆشتینە ناو دەرمانخانەیەك. کە چاومان بەناو دەرمانخانەکەدا گێڕا چەندین جۆرمان لەو زیندە هەویر و زیندە ماددەیەی کە دژ بە ژەهرەکانە لەو دەرمانخانەیەدا دەستکەوت.
پاشان کە دەستمان بە شیتەڵکردنی ئەو هەویرانە کرد، بۆمان دەرکەوت: هەریەکەیان، بەوپەڕی وردی، لە چەند ماددەیەکی جیاجیای ناو ئەو شووشانەو، بەپێی تەرازوویەکی دیاری کراو پێکهاتووە و پوختە کراوە؛ گرامێك لەم دەرمان و سیان لەو دەرمان و دە گرام لەوی تر. بەم جۆرە و لە هەرکام لەو دەرمانانە ئەندازەیەکی تایبەتییان لێ وەرگیراوە، بە جۆرێك کە ئەگەر بهاتایە و بە ئەندازەی بەشێك لە یەك گرام زیاتر یان کەمتر بوایە ئەو تایبەتمەندییە زیندەکارییانەی تێدا نەدەما.
پاشان ئەو زیندە ماددەیەمان هێنا کە دژ بە ژەهرەکانە و لێی ورد بووینەوە. بۆمان دەرکەوت کە ئەویش بە چەند ئەندازەیەکی دیاری کراو و بەپێی چەند تەرازوویەکی

هەستیار پێکهێنراوە. تەنانەت ئەگەر بهاتایە و بە ئەندازەی کێشی گەردیلەیەك زیاد یان کەم بوایە، ئەوا تایبەتکارییەکانی خۆی لەدەست دەدا. واتە ئەو ماددە جۆراوجۆرانەی ناو دەرمانخانەکە بە چەند ئەندازەیەکی جیاجیا و بە چەند تەرازوویەکی هەستیار و ورد ئامادە کراون.

جا ئایا دەچێتە عەقڵی هیچ مرۆڤێکی ژیرەوە کە ئەو هەویرەی ئاوا بەم جۆرە هەموو بەشێکی بە وردی حساب کراوە و لێك دراوەتەوە، بەهۆی رێکەوتێکی سەیرەوە پەیدا بوو بێت؟ یان لە ئەنجامی هەڵکردنی رەشەبایەك بەسەر ئەو دەرمانخانەیەدا شووشەکان بەسەر یەکدا کەوتبن و ئەو ئەندازە دیاریکراوانەی ئاوێتەی یەکتری کردبێت و بەم جۆرە ئەو زیندە هەویرەی پێکهێنابێت؟!

ئایا مەحاڵی لەمە سەیرتر و، گەوجایەتی و خورافەت و ئەفسانەی لەمە خراپتر و، ناحەقیی لەمە نارەواتر هەیە؟ تەنانەت گەر بێت و نەفامی و بێ عەقڵیی "گوێدرێژ" چەندین ئەوەندەی تر زیاد بکات و، ئنجا وەك مرۆڤ توانای گوفتاری ببێت، ئەوا هەتا لە توانایدایە لە دەست ئەم کەرێتییە هەڵدێت و رەفزی ئەم جۆرە بیرکردنەوە سەرشۆڕکەرانەیە دەکات و، دەڵێت: دەبێ ئەو کەسە چەندە کەر و گەوج بێت کە قسەی وای لە زار دەردەچێت!!

جا لەبەر رووناکیی ئەم نموونەیەدا دەڵێین:

هەموو یەکێك لە زیندەوەران، بریتییە لە پێکهاتەیەکی زیندە و هەویرێکی خاوەن ژیان. هەموو رووەکێکیش وەك دەرمانێکی زیندووی دژ بە ژەهرەکان وایە. چونکە لە چەند بەش و ماددەیەکی جیاجیا و بەپێی چەند تەرازوویەکی گەلێ ورد و هەستیار پێکهێنراوە. هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە گێڕانەوەی دروستبوونی ئەم زیندەوەرە جوان و پڕ لە وردەکارییە بۆ توخمەکان و هۆکارە ماددییەکان و، باوەڕکردن بەوەی کە: "هۆکارەکان دروستیان بکات" شتێکی هێندە بەتاڵ و مەحاڵ و نەگونجاوە کە لە هەموو تەرازوویەکی ژیرییەوە تابڵێی دوورە، بە چەشنی مەحاڵیی پێکهاتنی ئەو زیندە هەویرە لە رێی تێکەڵبوونی ئەو ماددانەی ناو شووشەکان لە خۆیانەوە!

پوختەی ئەم قسانەی پێشوو:

ئەو زیندە ماددانەی کە بە تەرازووی قەزا و قەدەری خواوەندی زانای دانا لەم جیهانە مەزنەدا – کە وەك دەرمانخانەیەکی گەورە و ناوازە وایە – ئامادە کراون، تەنها بە

Remove Watermark Now

دانستێکی بێ کۆتایی و زانستێکی بێ سنوور و ویستێکی گەورەی خاوەن دەسەڵات نەبێ هەرگیز دروست نابن.

دەنا ئەو کەسەی کە بە وەهمی خۆی گومانی وایە: (ئەم بوونەوەرانە بەرهەمی توخمە گشتییەکانی گەردوونن) کە چەند توخمێکی کەڕ و کوێری بە خوڕەم و لافاوئاسان.. یان لەو گومانەدایە کە: (بۆ خۆیان لە سروشتی شتەکاندا هەن).. یاخود: (بەرهەم و کاری هۆکارە ماددییەکانن)! ئەو کەسەی قسەی وای لە زار دەردەچێت، دەبێ لەوپەڕی بەدبەختی و گەلحۆیی و سەر لێ شێواوی و نەفامیدا بێت و، گەلێ لەو سەرخۆشە گەوج و نەفامتر بێت کە بە دەم وڕێنەی مەستییەوە دەڵێت: (ئەو دەرمان و هەویرە ناوازە و سەرسووڕهێنەرە لە ئەنجامی بەر یەك کەوتن و تێکەڵبوونی هەڕەمەکیی ماددەکانی ناو دەرمانخانەکەوە دروست بوون)!

بەڵێ، ئەو کوفرەی کە لەم قسانەدا هەیە، کتومت وەك وڕێنەی مرۆڤێکی گەوج و، شێتیی کەسێکی مەستی سەرخۆش وایە!!

❑ مەحاڵی دووهەم:

ئەگەر بەدیهێنانی هەموو شتێك بە کاری خوای تاك و تەنیای شکۆمەند و بەتوانا دانەنرێت و، بدرێتە پاڵ هۆکارە ماددییەکان، دەبێ ئەو کاتە زۆربەی توخمەکانی جیهان و هۆکارەکانی لە هەموو زیندەوەرێکدا دەست تێوەردان و کاریگەرییان ببێت. کەچی کۆکردنەوەی هەموو هۆکارە دژ بە یەك و جیاجیاکان، بە ڕێکوپێکییەکی تەواوەتی و بە تەرازوویەکی وردی تایبەتی و، بە یەکگرتنێکی تەواو، لە جەستەی دروستکراوێکی وەك مێشدا، کارێکی هێندە مەحاڵە کە هەر کەسێك بە ئەندازەی باڵە مێشێك دارای ژیری بێت بە ئاشکرا ڕەفزی دەکات و پڕ بەدەم دەڵێت: ئەمە شتێکی مەحاڵە.. بەتاڵە.. هەرگیز ناگونجێ!

چونکە جەستەی بچووکی مێش پەیوەندیی لەگەڵ زۆربەی توخمەکانی بوونەوەر و ڕواڵەت و هۆکارە ماددییەکانیدا هەیە، بگرە لە ڕاستیدا کورتە و پوختەیەکی ئەو توخمانەیە. جا ئەگەر بەدیهێنان و دروستکردنی مێش بە کاری توانستی ڕەهای خوای گەورە دانەنرێت، ئەوا دەبێ هەموو هۆکارە ماددییەکان لە کاتی دروستکردنی ئەو مێشەدا یەکسەر بە کۆمەڵی و لە تەنیشتیدا ئامادە بن، تەنانەت دەبێ بچنە ناو جەستە لاوازەکەشیەوە، بەڵکو لەوەش زیاتر؛ چونکە دەبێ بیشڕۆنە ناو هەموو خانە و یەکەیەکی پێکهاتن لە جەستەی ئەو مێشەدا، با بڵێین لە "چاو"ی‌دا کە پوختە نموونەیەکی جەستەی زیندەوەرە! چونکە هۆکارەکان ئەگەر ماددی بن، ئەوا دەبێ لە نزیك و لەناو شتە

کارتێکراوەکەیاندا ئامادە بن. خۆ ئەمەش داخوازی ئەوەیە کە سەرجەمی توخمە دژ بە یەکەکانی هەموو لایەکی ئەم جیهانە، بە ڕۆشتنێکی "ماددی" بڕۆنە ناو ئەو خانەیەی کە تابلێی ورد و بچووکە و، بە کارامەیی و وردەکاری لەو خانە هەرە بچووکەدا کارەکانیان ڕاپەڕێنن!

ئایا گەوج و گێلترین کەسیش لە پیڕی سۆفستائییەکان [1] شەرم لە قسەی ئاوا ناکات؟!

❑ **مەحاڵی سێهەم:**

ئەگەر بوونەوەران (لە بارەی ڕێکوپێکی و، پێکەوە گونجان و شکڵ و شێوەیان)ەوە لەسەر "یەك" ڕەوت بوون، ئەوا دەبێ کاری "یەك" کاریگەر بن و "یەك" دەست دروستی کردبێتن، بەپێی ئەو دەستوورە ئاشکرایەی کە دەڵێت: "یەك، تەنها لە یەکەوە دەردەچێت".

جا ئەگەر ئەو بوونەوەرە لەوپەڕی ڕێکوپێکی و وردەکاریدا بێت و، بە تەرازوویەکی ورد بەدی هێنرابێت و، خاوەنی ژیانێکی گشتی بێت، بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێت کە چەند دەستێکی جیاجیا کاریان تێدا نەکردووە - کە مایەی ناکۆکی و جیاوازیی نێوانیانە - بەڵکو داخوازی ئەوەیە کە دەستکردی تەنها یەك کەسی بەتوانا و دانا بێت.

کەواتە گێڕانەوەی بەدیهێنانی ئەو بوونەوەرە ڕێکوپێك و بە تەرازووە، بۆ دەستی هۆکارە سروشتییە کەڕ و کوێر و بێ گیانەکان (ئەو هۆکارانەی کە هیچ هەست و هۆشێکیان تێدا نییە و، ناکۆکی و تێکەڵی و جیاوازیی نێوانیشیان پتر پەرە بە کەڕی و کوێریان دەسێنێت)..

---

(١) سۆفستائییەکان: دەستەیەك بوون لە فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆن، کە دوای قوتابخانەی "فیساگۆرس" و لە ئەنجامی ئاڵۆزیی باری ڕامیاری و قەیرانی ئابووری پەیدا بوون. ئەم دەستەیە ئینکاریی حەقیقەتی شتانیان کردووە و لایان وا بووە کە هیچ شتێك دارای حەقیقەت نییە. "گۆرگیاس" و "برۆتاگۆراس" بەناوبانگترینی فەیلەسووفە سۆفستائییەکانن. ئەم تاقمەش لەناو خۆیاندا چەند بەشێکن. کاتی خۆی "سوقرات" زۆر بە توندی بەرپەرچی داونەتەوە. بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەم جۆرە کەس و بیر و ڕایانە لە هەموو سەردەمێکدا بە کاڵای نوێ و ناوی جۆراوجۆرەوە پەیدا دەبنەوە. بۆ زیادە شارەزابوون سەیری ئەم سەرچاوانە بکە: "شرح العقائد النسفية" لسعدالدين التفتازاني ص ٢٣-٢٥ طبعة تركيا سنة ١٣٢٦ هـ، "كشاف إصطلاحات الفنون" للتهانوي ج١/ص٦٦٥ طبعة كلكته في الهند عام ١٨٦٢م، "الموسوعة الفلسفية الميسرة" ج١/ص١٠٣٤ طبعة دار نهضة لبنان – بيروت سنة ١٩٦٥م. هەروەها پێشەکیی (مهدی توحیدی پور) بۆ (نفحات الأنس)ی مەولانای جامی ص ٦٩-٧٠ ناشر: کتابفروشی سعدی. (وەرگێڕ)

ئیدیعا کردنی ئەوەی کە ئەو هۆکارانەن ئەم بوونەوەرە ڕێکوپێکە بەدی دەهێنن و لە نێوان چەندین شیمانە و گریمانی لەژمارەبەدەردا هەڵی دەبژێرن، واتە گێڕانەوەی دروستبوونی ئەم بوونەوەرە بۆ ئەو هۆکارانە، لە ڕاستیدا، وەك ئەوە وایە کە: سەد مەحاڵ قبووڵ بکرێت، چونکە ئیدیعایەکە لە هەموو تەرازوویەکی ژیرییەوە تابلێی دوورە و هەرگیز عەقڵ و فامی مرۆڤی ژیر وەری ناگرێت.

وەرە با بە جۆرێکی کاتی واز لەم مەحاڵە بهێنین و سەیرێکی کاریگەریی "هۆکارە ماددییەکان" بکەین کە بە لێککەوتن(التَّماس) ڕوو دەدات. ئەوەتا ئەو لێککەوتنە تەنها لێککەوتنێکە لە ڕواڵەت و ڕووی دەرەوەی ئەو زیندەوەرەدا. بەڵام دیوی ناوەوەی ئەو زیندەوەرە، کە هەرگیز دەستی هۆکارە ماددییەکانی پێ ناگات، گەلێ زیاتر لە چاو دیوی دەرەوەی ڕێکوپێکتر و گونجاوتر و ئاڵۆزترە و گەلێ ناسك و تەواوتریشە. تەنانەت ئەو زیندەوەرە بچووك و وردانەی کە هەرگیز جێی هۆکارە ماددییەکانیان تێدا نابێتەوە و دەستی هۆکارەکانی ئەوانیان پێ ناگات، زۆر سەیرتر و ناوازەتر و ڕێکوپێکترن لەچاو بوونەوەرە یەکجار گەورە و هەرە مەزنەکان.

کەواتە گێڕانەوەی دروستکردنیان بۆ لای هۆکارە کەڕ و لاڵ و ڕەق و تەق و ئەستوور و نەزان و دوور لە یەکتری و دژ بە یەکەکان، ئەوپەڕی کەڕو کوێری نەبێت هیچی تر نییە!

ڕێگای دووهەم

مەسەلەی دووهەمیش کە بریتییە لە ڕستەی: (خۆی لە خۆیەوە پێکهاتووە) ئەویش، بە هەمان جۆر، چەندین مەحاڵی زۆری تێدایە و لە چەند لایەنێکی زۆرەوە دەردەکەوێ کە شتێکی بەتاڵ و نەگونجاوە.

بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها سێ دانە لەو مەحاڵانە بۆ نموونە باس دەکەین:

❖ **مەحاڵی یەکەم:**

ئەی مرۆڤی ملنەدەری سەرسەخت!

ئەم سەرکەشی و لەخۆباییبوونەت تۆی هاویشتووەتە ناو باوەشی گەوجی و گەمژەییەکی یەکجار زۆرەوە. ئەوەتا وای لێ کردوویت کە باوەڕ بە سەد و یەك مەحاڵ بکەیت!

Remove Watermark Now

ئەی نەسەلمێنەری سەرسەخت!

تۆ بێ هیچ گومانێك دەزانیت کە خۆت هەیت و خاوەنی "بوون"یت. هەروەها گومانت لەوەشدا نی‌یە کە ماددەیەکی ساکاری وشك و ڕەق نیت تاکو ئالوگۆڕت بەسەردا نەیەت. بەڵکو کارگەیەکی گەورەی ڕێکوپێکی ئەوتۆیت کە ئامێرەکانت هەردەم لە تازەبوونەوەدان و، وەك کۆشکێکی گەورەش وەهایت کە هەمیشە لایەنەکانی لە جموجووڵ و گۆڕانکاریدان، چونکە خانەکانی جەستەت، بێ هیچ وەستانێك، هەمیشە لە کار و کۆششدان و، بە چەندین پەیوەندیی جۆراوجۆر پەیوەستی "ڕواڵەتەکانی بوون"ن لەناو گەردوونی دەوروبەرتدا. کەواتە ئەو خانانەی جەستەت هەمیشە لە بەخشین و وەرگرتندان لەگەڵ بوونەوەراندا، بە تایبەتی لە لایەنەکانی: ڕۆزی و، مەسەلەی مانەوەی جۆر(نوع)ی مرۆڤەوە..

ئەوەتا ملیۆنەها خانەی کارگوزاری ناو جەستەت لە کار و ئەرکی ئەستۆیان ڕاناوەستن و، سەرگەرمی پارێزگاریی بەردەوامبوونی کارلێکەکانی نێوان خۆیان و ئەو وردەکاری‌یانەن کە لە نێوانیاندا هەیە و، لە هەوڵی ئەوەدان کە هەرگیز پەیوەندی‌یەکانی نێوان خۆیان و بوونەوەرانی دەوروبەریان نەبچڕێن. واتە زۆر بە لەسەرخۆیی و مەترسی‌یەوە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن و هەڵوێستێکی ئەوتۆ وەردەگرن کە لەگەڵ پەیوەندی‌یەکانی نێوانیاندا لەبار و گونجاو بێت. وەك بڵێی ئەم خانانەی جەستەت بۆ هەموو بوونەوەران دەڕوانن تاکو جێگای تۆی تێدا ببینن و، بە جۆرێك ڕەفتار دەکەن کە سوودی تۆی تێدا بێت. ئیتر تۆیش لە جێی خۆتدا و بەپێی ئەو بارودۆخە نائاسایی و سەرسووڕهێنانەی خانەکانی جەستەت، سوود لەو بارەی ئەوان وەردەگریت و بە سەرجەمی هەستە دیار و نادیارەکانت لەزەت لە هەموو چێژەکانی ژیانت دەبەیت.

جا ئەگەر باوەڕت وا نەبێت کە: ئەو خانانەی لەشت بریتین لە چەند کارمەندێکی بچووك لە لایەن خواوەندی بەدەستەڵاتی ئەزەلی و چەند کار پێ‌سپێرراوێکی گوێڕایەڵ بۆ یاساکانی خوای گەورە.. یان چەند سەربازێك لە سوپای ڕێکوپێکی خوادا.. یان نووکەکانی قەڵەمی توانستی خوای گەورە.. یاخود چەند نوختەیەك کە قەڵەمی توانستی خواوەند دەیانکێشێ و دەیاننووسێت..

ئەگەر باوەڕت وا نەبێت، دەبێ لەو باوەڕەدا بیت کە هەرچی خانەی کارگوزار (بۆ نموونە لە چاوتدا) هەن، هەریەکەیان چاوێکی فراوانی بینەری ئەوتۆی هەبێت کە هەموو بەش و لایەنەکانی جەستەت ببینێت و چاوی لە سەرجەمی ئەو بوونەوەرانە بێت کە

Remove Watermark Now

په‌یوه‌ندیت له‌گه‌ڵیاندا هه‌یه و، ئاگاداری هه‌موو ڕووداوه‌كانی ژیانی ڕابوردوو و ئێستا و ئاینده‌ی تۆ بێت و، باوك و باپیر و بنه‌چه‌ت له‌گه‌ڵ منداڵ و به‌ره و وه‌چه‌كانت بناسێت و، ئنجا سه‌رچاوه‌ی ئه‌و تۆخمانه‌ش كه له‌شی تۆیان لێ پێكهاتووه و ئه‌و گه‌نجینانه‌ش كه ڕۆزیی تۆیان لێوه دێت، هه‌موویان بزانێت و شاره‌زایان بێت. كه‌واته به‌م پێیه، ده‌بێ هه‌رچی خانه‌ی كارگوزار له‌ناو جه‌سته‌تدا هه‌ن، هه‌موو یه‌كێكیان خاوه‌نی ژیرییه‌كی گه‌لێ مه‌زن و ناوازه بن!!

ده‌سا ئه‌ی ئه‌و كه‌سه‌ی كه ژیریی خۆی له‌كارخستووه و باوه‌ڕی به بیر و بۆچوونی ئاوا هه‌یه!

ئایا نیسبه‌تدانی ئه‌م هه‌موو عه‌قڵ و شعوور و هه‌ست و ژیرییه‌ی كه ملیۆنێك ئه‌فلاتوون نییانه، له ته‌نها یه‌ك گه‌ردیله‌ی ناو ژیرییه‌ك، كه كه‌سانی وه‌ك تۆ لێی بێ به‌شن، ئه‌فسانه و گه‌وجایه‌تییه‌كی له‌ڕاده‌به‌ده‌ر نییه؟

❖ **مه‌حاڵی دووهه‌م:**

ئه‌م جه‌سته‌یه‌ی تۆی مرۆڤ، وه‌ك كۆشكێكی گه‌وره‌ی ئاوه‌دان وایه كه هه‌زار و یه‌ك گومه‌زی تێدا بێت و، هه‌ریه‌ك له‌و گومه‌زانه‌ش به مه‌حكه‌می و بێ هیچ ستوونێك یه‌كیان گرتبێت و چه‌ندین به‌ردیان پێدا هه‌ڵواسرابێت. ته‌نانه‌ت جه‌سته‌ی تۆ - گه‌ر سه‌رنجی بده‌یت - هه‌زاران ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌م كۆشكه سه‌رسووڕهێنه‌رتره. چونكه كۆشكی جه‌سته‌ت هه‌میشه ئاڵوگۆڕی به‌سه‌ردا دێت و به‌ره‌و جوانتر ده‌ڕوات و زۆر به ڕێكوپێكیش له تازه‌بوونه‌وه‌دایه.

خۆ ئه‌گه‌ر هیچ سه‌رنجێك له "گیان" و "دڵ" و هه‌سته ناسكه مه‌عنه‌وییه‌كانی تر نه‌ده‌ین كه له تۆدا دانراون، كه هه‌ریه‌كه‌یان موعجیزه‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆن بۆ خۆیان، به‌ڵكو ته‌نها یه‌ك ئه‌ندام له نێوان ئه‌ندامه ئاشكراكانی جه‌سته‌تدا به نموونه بهێنینه‌وه، ئه‌وا ده‌بینین ئه‌و ئه‌ندامه وه‌ك خانوویه‌ك وایه كه چه‌ند گومه‌زێكی تێدا بێت، چونكه ئه‌و خانانه‌ی كه له‌و ئه‌ندامه‌دان وه‌ك به‌ردی گومه‌ز به‌وپه‌ڕی ڕێكی و جوانی و ورده‌كارییه‌وه یه‌كیان گرتووه و ته‌لارێكی گه‌لێ ناوازه و جوانیان پێكهێناوه و، به‌مه‌ش یه‌كێك له موعجیزه‌كانی توانستی خواوه‌ندیان - وه‌ك "چاو" یان "زمان" - ده‌رخستووه.

جا ئه‌گه‌ر ئه‌م خانانه‌ی له‌شت له لایه‌ن خوای گه‌وره‌وه كاریان پێ نه‌سپێررابێت و گوێڕایه‌ڵی فه‌رمانه‌كانی خواوه‌ندی به‌دیهێنه‌ر نه‌بن، ده‌بێ هه‌ریه‌ك له‌و گه‌ردیلانه فه‌رمانده‌ی ئه‌وانی تر بێت و له هه‌مان كاتدا له ژێر فه‌رمانیشیاندا بێت! واته له ڕوانگه‌ی

دەستەڵات و فەرماندەیی‌یەوە لەوانی تر بچێت و لە هەمان کاتدا دژیشیان بێت! هەروەها دەبێ زۆربەی ئەو سیفەتانەی کە تەنها شایستەی خوای گەورەن، لەو گەردیلەیەدا بن و، هەموو یەکێك لەو گەردیلانە سەربەست و دەست بەستراویش بن لە یەك کاتدا!

جا هەرکەس خاوەنی هێندەی گەردیلەیەك هەست و شعوور بێت، دەزانێت کە هەرگیز ناگونجێت بەدیهێنانی ئەو بەدیهێنراوە ڕێکوپێکەی کە بەهۆی نەهێنیی "یەکتایی"یەوە یەکێکە لە شوێنەوارەکانی تاك و تەنیایی بەدیهێنەر، بدرێتە پاڵ چەندین خانەی زۆر و لەژمارەبەدەر. تەنانەت کە بیر لەمە دەکاتەوە سەد مەحاڵی تێدا دەبینێت.

❖ **مەحاڵی سێهەم:**

ئەگەر جەستەی تۆ بە قەڵەمی خواوەندی تاك و تەنیا و خاوەن توانستی ئەزەلی نەنووسرابێت، بەڵکو لە چاپخانەکانی سروشت و هۆکارەکاندا لە چاپ درابێت، دەبێ - لەو حاڵەتەدا - بە ئەندازەی ژمارەی پێکهاتە ڕێکوپێکەکانی جەستەت، هەر لە بچووکترین خانەی کارگوزارەوە تا دەگاتە گەورەترین و فراوانترین ئامێری کارگێڕ لەو جەستەیەدا، قاڵبی سروشتی بن بۆ دروستکردن و بەدیهێنانیان!

با ئەم کتێبەی بەردەستمان بە نموونە بهێنینەوە، تاکو لەم مەحاڵە تێ بگەین:

ئەگەر لەو باوەڕەدا بیت کە ئەم کتێبە بە دەست نووسراوەتەوە، ئەوا دەزانین نووسەرەکەی تەنیا یەك قەڵەمی بەسە بیگرێت بە دەستیەوە و ئەوەی مەبەستیەتی بە زانیاریی خۆی پێی بنووسێتەوە..

بەڵام ئەگەر وا نەزانرێت کە بە قەڵەم و دەستی یەك نووسەر نووسراوەتەوە و، وا دابنرێت کە: "خۆی لە خۆیەوە پێکهاتووە" یان ئەو نووسینە بە "کردەی سروشت" دابنرێت، ئەوا دەبێ هەر پیتێکی ئەو کتێبە قەڵەمێکی کانزایی تایبەتیی خۆی بێت. واتە وەك ئەو پیتە کانزایی‌یانەی کە لە چاپخانەکاندا هەن و بە ئەندازەی ژمارەی پیتەکان و بە گوێرەی شکڵ و شێوەیان، دەبێ وەك ئەمە، بە ئەندازەی پیتەکانی ئەم کتێبە و بەپێی شکڵ و شێوەیان، قەڵەم بۆ ئەم مەبەستە بن. بە واتایەکی تر: لە بریی یەك دانە قەڵەم بۆ نووسینەوەی ئەم کتێبە، دەبێ بە ئەندازەی پیتەکانی خۆی قەڵەم بێت.

کاتی وەهایش دەبێ کە هەندێ لەو پیتانە گەلێ گەورەن و بە ئەندازەی لاپەڕەیەکی تەواو زانیاری‌یان بە خەتێکی ورد و باریك تێدا نووسراوەتەوە. جا لە حاڵەتی وادا دەبێ بۆ نووسینی ئەم چەشنە پیتە گەورانە، هەزاران قەڵەمی بچووك بن تاکو ئەو پیتە وردانە لەناو ئەو پیتە گەورانەدا بنووسن!

ئێستا چی دەڵێیت گەر ئەو پیتانە بە چەشنێکی ڕێکوپێـك یـەکیان گرتبێـت و چووبن بەناو یـەکتری‌دا و شێوە و شـکڵی جەستەی تۆیـان وەرگرتبێـت؟ خـۆ ئەگـەر ئـەم پیتـە پێکهێنەرانەی جەستەت بە چاپی سروشت و کردەی هۆکارەکان دابنێیت، ئەوا دەبێ لـە هەموو بەشێك لە بەشەکانی جەستەتدا و لـە گشـت فەرمانگەکانی‌دا، بـە ئـەندازەی ئـەو پێکهاتووانەی کە لە ژمارە نایەن، قالـب هەبن تاکو ئەو پیتانە پێکبهێنن!

وا دابنێ لەم حاڵەتەشدا، کە مەحاڵێکە و سەد مەحاڵی تری لـێ دەبێتەوە، تۆ دێـت و دەڵێیـت: دەگونجێ ڕوو بـدات. بـەڵام ئایا هێشتا لـەم کاتەشدا، واتە ئەگـەر نووسـینی کتێبەکـە هـی یـەك قەڵـەم نـەبێت، خـودی ئـەو قەڵـەم و پیتـە کانزاییی‌یانـەش بـە ئـەندازەی ژمارەی خۆیان پێویستیان بە چەند قەڵەم و قاڵب و پیتێك نابێت تاکو دروستیان بکـەن؟! چونکە ئاشکرایە هەموویان دروست کـراون و پێویستیان بـە بەدیهێنـەر و دروستکەرێك هەیە تاکو بەدی‌یان بهێنێت و دروستیان بکات!

ئیتر بەم چەشنە هـەتا درێژەی پێ بدەیـت و لـێی بکۆڵیتـەوە و پتر لێـی قـووڵ ببیتـەوە، پێویست بە قاڵبی زیاتر دەکات و ئەنجامدانی کارەکە پـتر درێژە دەکێشـێت و، زنجیرە لـە دوای زنجیرەی تری لـێ دەبێتەوە!

دەسا تۆیش، لە ڕوانگەی ئەم نموونەیەوە، لە ڕادەی لاوازی و هەڵەیی و نەخۆشیی ئەم بیروڕایە تێ‌بگە کە بە ئەندازەی خانەکانی جەستەت خورافەت و مەحاڵی تێدا جەم بووە!

دەسا ئەی ئەو کەسە سەرسەختەی کە ژیریی خۆی لەکار خستووە!

بۆ لای ژیریی خۆت بگەڕێرەوە و، واز لەم گومڕایی‌یە ئابڕووبەرە بهێنە و، دەستی لـێ هەڵبگرە!

ڕێگای سێ‌هەم

وشەی سێ‌هەمیش کە سەبارەت بە هەموو شتێك لەم بوونەوەرەدا دەڵێت: (سروشت داخوازی بووە). واتە لەسەر داخـوازی سروشـت هاتووەتـە دی. ئـەم بڕیـارەش چـەندەها مەحاڵی زۆر و زەبەندەی تێدایە. بەڵام تەنها سیانیان بۆ نموونە باس دەکەین:

✿ **مەحاڵی یەکەم:**

ئەگـەر بێـت و ئـەو ڕێکوپێکـی و بەدیهێنانـەی کـە لـەناو بوونـەوەران بـە تایبـەتی زیندەوەراندا بە ئاشکرا دەبینرێن و، نیشانەی دانـایی و بەسیرەتیان بـە جوانـی تێـدا بـەدی دەکرێت، ئەگەر ئەمانە بە کاری نووسینی قەڵەمی قەدەر و توانستی ڕەهـا و بێ سنووری

Remove Watermark Now

خوای گەورە دانەنرێن و، بدرێنە پاڵ "سروشت"ی گێژ و گەلحۆ و کەڕ و لاڵ، یان "هێز"ی ئەو سروشتە بێ هەستە، ئەوا دەبێ سروشت بۆ بەدیهێنانی ئەمانە لە هەموو شتێکدا چەندین کارگە و چاپخانەی لەژمارەبەدەر دروست بکات، یان لە هەموو شتێکدا توانا و دەستەلاتێکی ئەوتۆ دابنێت کە بتوانێت سەرجەمی گەردوون بەدی بهێنێت و، داناییەکی کارگێڕی کارامەش بە هەموو شتێك ببەخشێت کە هەموو کاروبارەکانی گەردوون بەڕێوە ببات!

بۆ نموونە:

درەوشانەوە و شکانەوەی تیشکی خۆر کە بە سەر هەموو دڵۆپە ئاوە ورشەدارەکان و وردە شووشە پەرش و بڵاوەکانی ڕووی زەویدا دەردەکەون و دەبریسکێنەوە، وەکو چەند وردە خۆرێکی بچووك لە بەرچاودا خۆیان دەنوێنن..

جا ئەگەر ئەم درەوشانەوە و بریسکانەوە زۆرانە بە هی ئەو خۆرە ڕاستەقینە و تیشکدارەی ئاسمان و بە بریسکانەوەی ئەو دانەنرێن، ئەوا دەبێ باوەڕ بەوە بکرێت کە لە هەموو دڵۆپە ئاوێك و پارچە شووشەیەکدا - کە جێی هیچ شتێکیان تێدا نابێتەوە - خۆرێکی ڕاستەقینە و سروشتی هەبێت کە هەموو سیفەت و ئەدگارەکانی خۆری ڕاستەقینەی ناوجەرگەی ئاسمانی تێدا بێت. واتە: دەبێ باوەڕ بەوە بکرێت کە بە ئەندازەی گەردیلەکانی ئەو پارچە شووشانە، خۆری ڕاستەقینە لەو شووشانەدا ببێت!

ئێمەش لەبەر ڕووناکیی ئەم نموونەیەدا دەڵێین:

ئەگەر بەدیهێنانی بوونەوەران و زیندەوەران ڕاستەوخۆ نەدرێتە پاڵ درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی نووری ئەزەلیی زەوی و ئاسمانەکان کە خوای گەورەی بەدەستەڵاتە، دەبێ باوەڕ بە "سروشت" و "هێز"ێکی ئەوتۆ بکرێت کە لە هەموو بوونەوەرێکدا (بە تایبەتی لە زیندەوەراندا) توانست و ویست و زانست و دانستێکی ڕەهایان ببێت. واتە دەبێ باوەڕ بە بوونی خوایەتی و پەروەردگاریتی لە هەموو بەشێکی بوونەوەردا بکرێت!

خۆ دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوە چەوت و نەزۆکانە، لە هەموو مەحاڵێك بەتاڵترە و خورافەت و ئەفسانەی گەلێ زیاتری تێدا کۆبووەتەوە! چونکە بێ گومان ئەو کەسەی کە ئەم هەموو سنعەت و وردەکارییە ناوازە و قەشەنگانەی داهێنانی خوای گەورە - کە لە بچووکترین شتیشدا بە ئاشکرا دەبینرێن - بۆ سروشتێکی وەهمی و بێ بایەخ و بێ هەست و نەست دەگێڕێتەوە، ئەوا بیر و بۆچوونی خۆی دابەزاندووەتە ئاست و پلەیەکی گەلێ نزمتر لە هی ئاژەڵە نەزان و نەفامەکان!

Remove Watermark Now

✿ مەحاڵی دووهەم:

ئەگەر ئەم بوونەوەرانەی کە لەوپەڕی "ڕێکوپێکی" و "جوانی"دان و دارای وردەکاری و دانستی تەواون و بە تەرازووی هەستیاری سەرنەکەر بەدی هێنراون، بە کاری یەکێکی بەتوانای خاوەن توانست و دانستی ڕەها دانەنرێن و، لە بریی ئەو، بە کردەی "سروشت" بزانرێن، ئەوا دەبێ ئەم سروشتە لە هەموو مشتێك "خاك"دا – کە کارگە و شەتلگای گوڵ و بەروبوومەکانە – بە ئەندازەی ژمارەی کارگە و چاپخانەکانی ئەوروپا کارگە و چاپخانە ئامادە بکات، تاکو ئەو مشتە خاکە بۆی بڕەخسێت کە بەم چەشنە ببێت بە کارگەی ئەو گوڵە جوان و بەروبوومە ناسکانە!

چونکە ئەو مشتە خاکەی کە وەك شەتلگایەکی بچووك وایە، توانا و لێهاتنێکی ڕاستەقینەی ئەوتۆی تێدایە کە ئەگەر هەرچی تۆوی گوڵ و بەروبوومە جیاواز و جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگەکانی دنیا هەن، بە نۆرە و بە جیاجیا لەو مشتە خاکەدا بچێنرێن، دەتوانێت هەموویان سەوز بکات.

جا ئەگەر ئەم توانا و لێهاتنە بۆ توانستی بەدیهێنەرانەی ئەو خواوەندە مەزنە نەگێڕرێتەوە کە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، ئەوا دەبێ بۆ هەموو یەکێك لەو گوڵانەی کە لە دنیادا هەن، مەکینەیەکی تایبەتی و مەعنەویی سروشتی لەو مشتە خاکەدا ببێت! دەنا هەرگیز ئەو هەموو گوڵ و بەروبوومە جۆراوجۆرانەی دەیانبینین، پەیدا نابن و نایەنە جیهانی بوونەوە. چونکە تۆوەکان – وەك ئاوی مەنی و هێلکەکان – ماددەکانیان لە یەك دەچن، کە بریتین لە ئۆکسجین و هایدرۆجین و کاربۆن و ئازۆت و، بێ هیچ شێوە و شکڵێکی دیاری کراو تێکەڵی یەکتری بوون و هەموویان پێکەوە هەڵشێلراون.

ئنجا دەبێ ئەوەش بزانین کە هەرکام لە: (هەوا و گەرما و تیشك و ئاو) چەند شتێکی ساکارن و، هیچیان خاوەنی هەست و شعوور و ژیری نین و، وەك لافاو بە ناو شتاندا دێن و دەڕۆن..

جا یەکگرتن و پێکهاتنی ئەو گوڵە لەژمارەبەدەرانە (لە ڕوانگەی سروشتەوە) بەو وێنە و شکڵ و شێوە و چۆنێتییە جوان و دڵگیرانە و بەو ڕێکوپێکی و وردەکارییەی کە لە بەرچاودایە، بە ئاشکرا و پێویستی و بەداهەت داخوازی ئەوە دەبێت کە لەو مشتە خاکەدا هێندە کارگە و چاپخانەی بچووك بچووك هەبن کە زۆر لە ژمارەی کارگە و

Remove Watermark Now

چاپخانەکانی ئەورووپا زیاتر بن، تاکو "سروشت" چنینی ئەو کاڵا زیندووانەی لە توانادا بێت و بەو تانوپۆیەی کە لە بەرچاودایە، ئەو نەخش و نیگارە رەنگین و جوانانە برازێنێتەوە و بیاننەخشێنێت!!

بروانە بیر و بۆچوونە ئیلحادی‌یەکەی سروشت پەرستان، چەندە لە راستە شەقامی ژیریی ساغی مرۆڤەوە دوورە! ئەمە بە باشی بزانە و، ئنجا ئاستی بیرکردنەوەی ئەو کەسانەی پێ هەڵبسەنگێنە کە لافی ژیری و زانست لێ دەدەن، کەچی لە هەمان کاتدا "سروشت"یش بە بەدیهێنەر دەزانن! با بۆت دەربکەوێت کە چەندە لە هەموو تەرازوویەکی ژیری‌یەوە دوورن و، بزانیت ئەوانەی کە ئەفسانە و خورافەتێکی هەرگیز نەگونجاوی ئاوەها مەحاڵیان کردووە بە رێباز بۆ خۆیان، چەندە شایستەی سووکایەتی و گاڵتە پێ کردنن! ئیتر بۆ خۆت گاڵتەیان پێ بکە و، بەو روانینە سووکەی شایانیانە، بۆیان بروانە!

ئەگەر کەسێك پرسیار بکات و بڵێت:

بەڵێ راستە، ئەگەر بەدیهێنانی بوونەوەران بدرێتە پاڵ "سروشت" ئەوا گەلێ گیروگرفت و مەحاڵی زۆرمان دێنە رێ.. بەڵام کاتێ کە بەدیهێنان بە گشتی دەدرێتە پاڵ خواوەندی تاك و تەنیا و بێ هاوەڵ و هاوبەش، ئایا چۆن ئەو هەموو گیروگرفتانە چارەسەر دەکرێن و لەسەر رێدا نامێنن و تا رادەی: ئاسانی و پێویست، "بەدیهێنان" دەبێت بە کارێکی سووك و ئاسان بە لای توانستی ئەو خواوەندەوە؟

وەڵام:

هەروەك لە مەحاڵی یەکەمدا بۆمان روون بووەوە، بریسکانەوە و درەوشانەوەی تیشکی خۆر، بەوپەڕی ئاسانی و بێ هیچ گیروگرفتێك، خۆی لە هەموو ماددەیەکدا دەرخست، هەر لە بچووکترین شتی بێ گیانی وەك شووشە وردەکانەوە تا دەگاتە فراوانترین تەختایی وەك زەریا و ئۆقیانووسەکان. ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین کە: ئەم "خۆر"ە رووناکی و کاریگەری و شوێنەواری خۆی - بەوپەڕی ئاسانی - لەو شتانەدا دەرخست، وەك بڵێی هەریەکە لەو بریسکانەوانە خۆرێکی میسالی بن..

جا ئەگەر ئەو پەیوەندی و نیسبەتەی نێوان خۆر و ئەوانەی باسمان کردن، بپچڕێت، ئەوا دەبێ باوەڕ بەوە بکرێت کە: هەریەکە لەو گەردیلانە، خۆرێکی سروشتیی تێدایە و هەریەك لەو خۆرانەش خاوەنی بوونێکی خۆیی و دەرەکی‌یە! دیارە ئەمەش دەرەنجامێکی هێندە مەحاڵ و نەگونجاوە کە هیچ عەقڵێك وەری ناگرێت و پێی رازی نابێت.

Remove Watermark Now

هەروەك ئەمە لەم نموونەیەدا وایە، بەدیهێنان و دروستکردنی هەموو شتێکیش بە هەمان جۆرە، چونکە ئەگەر ڕاستەوخۆ بدرێتە پاڵ خواوەندی تاك و تەنیا و صەمەد و بێ هاوبەش، ئەوا تا ڕادە و پلەی "وجوب" بەدیهێنان کارێکی ئاسان دەبێت، چونکە ئەو کاتە هەر بوونەوەرێك پێویستی بە هەر شتێك بێت، دەتوانرێ بەوپەڕی ئاسانی ئەو پێداویستی‌یەی بەدەست بگەیەنرێت، ئەویش لە ڕێگای: "لێ دروشانەوە" و "پەیوەندی بوون"ەوە.

بەڵام گەر ئەو نیسبەت و پەیوەندی‌یە ببچڕێنرێ و گوێڕایەڵی و بەکارهێنان و فەرمان پێ سپاردن لە گۆڕێدا نەمێنێت و، لە جێگایاندا سەرپێچی کردن و خۆدزینەوە لە فەرمانەکان دابنرێت و، هەموو شتێکی ناو ئەم بوونەوەرەش بە سەربەستی و بەرەڵایی وازی لێ بهێنرێت.. یان ئەم کارە بە "سروشت" بسپێررێت.. ئەوا بە سەدان هەزار گیروگرفت، کە دەگەنە ڕادە و پلەی نەگونجان(الإمتناع) سەر هەڵدەدەن و پەیدا دەبن، بە ڕادەیەك کە تەنها بۆ دروستکردنی تەنها یەك دانە "مێش"ی بچووك پێویست دەکات ئەو سروشتە کتوکوێرەی کە لەو مێشەدایە، خاوەنی دەستەڵاتێکی ئەوتۆ بێت بتوانێت هەموو گەردوونی پێ دروست بکات و، دارای دانستێکی وەهایش بێت کە بتوانێت ئەم بوونەوەرە گەورەیەی پێ بەڕێوە ببات! چونکە مێش هەرچەندە لە قەبارەدا بچووکە، بەڵام گەلێ بە جوانی و ڕێکوپێکی خولقێنراوە و، زۆربەی ماددە پێکهێنەرەکانی بوونەوەرانی تێدا جەم بووە، وەك بلێی پێرستێکی پوختەکراوی ئەو بوونەوەرانە بێت. خۆ ئەمەش تەنها یەك دانە مەحاڵ نی‌یە هەتا کۆتایی پێ بێت و ببڕێتەوە، بەڵکو هەزار و یەك مەحاڵی تێدایە کە لەو یەکەم مەحاڵەوە سەر هەڵدەدەن و پەیدا دەبن!

بە کورتی و پوختی:

هەروەك بوونی هاوتا و هاوبەش لە "خوایەتی"ی خوای گەورەدا شتێکی مەحاڵ و نەگونجاوە، دەست وەردانیش لە "پەروەردگاریتی"ی خوای گەورەدا و خۆ هەڵقورتاندن لە کاروباری بەدیهێنانی ئەو شتانەی کە ئەو بەدییان دەهێنێ، بە هەمان جۆر، مەحاڵ و نەگونجاوە!

سەبارەت بەو گیروگرفتانەش کە لە مەحاڵی دووهەمدا باس کران و لە بەشێکی زۆری پەیامەکاندا چەسپاندوومانن، لەوەدایە کە وتمان:

"هەر کاتێك بەدیهێنانی هەموو شتێك بدرێتە پاڵ خوای تاك و تەنیا، وەك دروستکردنی تەنها یەك دانە شت کارەکە ئاسان دەبێت، بەڵام ئەگەر بدرێتە پاڵ

سروشت و هۆکارەکان، ئەوا بەدیهێنانی یەك دانە شت بە ئەندازەی دروستکردنی هەموان سەخت و پڕ لە کێشە و گیروگرفت دەبێت".

جا لەبەر ئەوەی ئەم دەرەنجامەمان بە چەندین بەڵگەی توندوتۆڵ و سەلمێنەر لە چەندین پەیامدا چەسپاندووە، ئەوا لێرەدا پوختەی یەکێك لەو بەڵگانە باس دەکەین:

ئەگەر کەسێك - چ بە سەربازی و چ بە فەرمانبەری و کارمەندیی دەوڵەت - پەیوەندیی لەگەڵ پادشایەکدا بەست و پاڵی بە دەستەڵاتی ئەو پادشایەوە دا، ئەوا دەتوانێت سەد هەزار هێندەی ئەو کارانە جێبەجێ بکات کە بە تەنها توانستی خۆی دەتوانێت ئەنجامیان بدات. دیارە ئەمەش بەهۆی پاڵدانەوەیەوە بە هێزی ئەو پەیوەندی و نیسبەتەی کە لەگەڵ پادشادا هەیەتی.

بۆ نموونە: ئەم سەربازە، هەرچەندە یەك کەسی تاك و تەنیایە، کەچی هەندێ جار دەتوانێت بە ناوی پادشاوە فەرماندەیەکی گەورەی سوپای دوژمن دیل بکات، چونکە هەموو ئەو ئامێر و کەرەسە و تەقەمەنییانەی کە بۆ ئەم چەشنە کارانە پێویستی پێیان دەبێت، ئەم خۆی هەڵیان ناگرێت و ناچاریش نییە کە خۆی هەڵیان بگرێت، بەڵکو گەنجینەی پادشا ئەم شتانەی بۆ دابین دەکات و، ئەو کەرتانەی سوپاکەشی کە ئەم کارەیان خراوەتە ئەستۆ بۆی دەهێنن و هەڵی دەگرن. هەموو ئەمانەش لە سایەی ئەو پەیوەندی و پاڵ پێوەدان و نیسبەت پەیدا کردنیەتی لەگەڵ پادشادا. ئەوەتا چەند کردارێکی وەهای لەسەر دەست ڕوودەدات کە وەك کرداری پادشایەکی مەزن وان و، چەند جێ دەست و ئاسەوارێکیش دەخاتە ڕوو کە وەك هی سوپایەکی گەورە دەنوێنن..

کەواتە ئەم سەربازە سەر بە پادشایە، وەك ئەو مێروولەیە وایە کە بەو کارمەندی و پاڵ پێوەدان و نیسبەت پەیدا کردنەی، دەتوانێت کۆشکی فیرعەونێکی ستەمکار بڕووخێنێت و.. وەك مێشوولەیەك دەردەکەوێت کە لە سایەی ئەو نیسبەت و پەیوەندیەوە دەتوانێت نەمروودێکی سەرکەش لەناو بەرێت و.. چەشنی "تۆو"ی درەختی "سنەوبەر"ی لێ دێت، کە هێندە بچووکە وەك دەنکە گەنمێك وایە، بەڵام لە ڕێی ئەو پەیوەندی و نیسبەتەوە، سەرجەمی ئامێرەکانی ئەو درەختە زەبەلاحەی سنەوبەر پێدەگەیەنێت و گشت پێکهاتەکانیشی گەشە پێ دەسێنێت[1].

(١) بەڵێ، ئەگەر پەیوەندی و نیسبەت لە نێواندا هەبوو، ئەوا ئەو تۆوە فەرمان لە قەدەری خوا وەردەگرێت و شەرەفی ئەنجامدانی ئەو کردارەی دەدرێتێ.. بەڵام ئەگەر ئەو پەیوەندی و نیسبەتە بپچرێت، ئەوا تەنها دروستکردنی خودی ئەو تۆوە داخوازی هێندە توانست و مەهارەت و ئامێری جۆراوجۆری ئەوتۆ دەبێت کە

Remove Watermark Now

خۆ ئەگەر ئەو پەیوەندی و نیسبەتە لە نێوان پادشا و ئەو سەربازەدا ببچڕێت و فەرمانبەرێیەکەشی لێ بسێنرێتەوە، ئەوا دەبێ سەرجەمی ئەو کردارانەی کە ئەنجامیان دەدات هەر تەنها بۆ خۆی بیانگرێتە ئەستۆی و لەسەر شان و بە دەست و بازووی خۆی پێویستییەکانی هەڵبگرێت و بە کەرەسە و ئامێرەکانیش سەرشانی خۆی قورس و ماندوو بکات! دیارە ئەو کاتەش تەنها بە گوێرەی هێزی دەست و بازووی لاوازی خۆی دەتوانێت ئەو کردارانە ڕاپەڕێنێت و، تەنها هێندەی لە تواناادا دەبێت کە لەگەڵ بڕ و ئەندازەی ئەو کەرەسانەی هەڵی گرتوون بگونجێت، بە چەشنێك کە ئەگەر داوای ئەنجامدانی ئەو کردارانەی لێ بکرێت کە لە حاڵەتی یەکەمدا بەوپەڕی ئاسانی ئەنجامی دەدان، ئەوا دەستەوسانی و بێتوانایی خۆی بە ئاشکرا دەردەبڕێت. مەگەر (کە ئەمەش بە ئاشکرا شتێکی مەحاڵە) بتوانێت هێزی سوپایەکی تەواو لە دەست و بازووی خۆیدا کۆبکاتەوە و گشت کارگەی کەرەسە و ئامێرەکانی سوپایش تەنها خۆی بە کۆڵ هەڵیان بگرێت!!

خاوەنی ئەو ئەندێشەیەی کە لە بۆشایی وەهم و وڕێنەی وادا مەلە دەکات، کە بەم ڕوونکردنەوەیە ڕادەی وەهم و وڕێنەکانی خۆی بۆ دەردەکەوێت، لە تەریقی و شەرم و شوورەیی ئەم ئەندێشەیەیدا، ڕووی خۆی دەشارێتەوە و لە بەرچاودا خۆی ون دەکات!

لەمانەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

تەسلیم کردن و گێڕانەوەی هەموو کاروبارێکی بوونەوەران بۆ خواوەندی "واجب الوجود" تا پلەی (پێویستی) کارێکی ئاسانە.. بەڵام گێڕانەوەی بەدیهێنان بۆ "سروشت" تا ڕادەی (نەگونجاوی) مەحاڵ و پڕ لە کێشە و گیروگرفتە و، بیرێکە لە دەرەوەی بازنەی ژیریدایە.

گەلێ لە پێویستییەکانی دروستکردنی درەختی زەبەلاحی سنەوبەر زیاتر بن! چونکە دەبێ هەموو ئەندامەکانی ئەو درەختە سنەوبەرە – کە یەکێکە لە ئاسەوارە دیار و ئاشکراکانی توانستی خواوەند و لەناو چیا و شاخەکاندان و ئەوەندەی تر جوانییان بەو چیا و شاخانە بەخشیوە – لە دوو توێی ئەو تۆوەدا بێن (کە لە ڕاستیدا ئەویش درەختێکی مەعنەوییە و یەکێکە لە جێدەستەکانی قەدەری خواوەند) چونکە کارگەی ئەو درەختە باڵابەرزە لەناو ئەو تۆوەدایە. جا ئەو درەختە مەعنەوییەی کە قەدەری خوا لەو تۆوەدا دروستی کردووە، لە پاشاندا، بە توانستی ئەو خوایە، شکڵ و شێوەی درەختێکی بەرجەستەی سنەوبەر وەردەگرێت.

(دانەر)

Remove Watermark Now

✿ **مەحاڵی سێهەم:**

ئەم مەحالە، لە هەندێ پەیامدا، بە دوو نموونە ڕوون کراوەتەوە:

نموونەی یەکەم:

جارێکیان مرۆڤێکی تەواو نەزان کە لەوەو پێش هیچ لایەنێکی شارستانێتیی نە بە چاو بینیبوو نە بە تەسەووریشی‌دا هاتبوو، لە بیابانێکی تاریك و چۆڵدا کۆشکێکی هێندە گەورە و جوان دەبینێت کە بەوپەڕی جوانکاری و ئارایشت ڕازابووەوە و، تازەترین ئامێر و پێداویستیی شارستانێتیی ڕۆژگاری تێدا ئامادە کرابوو و، لە تاریکایی ئەو بیابانە چۆڵ و سامناکەدا تریفەی گڵۆپەکانی و ورشەی تیشکەکانی ئەو ناوەیان ڕوونـاك کردبووەوە.

ئەم مرۆڤە نەشارەزایە ڕۆشتە ناو کۆشکەکە و، هەتا توانیی بە ناوی‌دا گەڕا و، بە وردی سەرنجی هەموو نهۆم و بەشەکانی دا. لە ئەنجامدا کارامەیی و ناوازەیی بنیاتنانی کۆشکەکە و نەخشونیگاری دیوارەکان و وردیی جوانکارییەکانی، گرفتاری سەرسامی و حەپەسانیان کرد! ئنجا نەزانی و گێلی و ساویلکەیی لەڕادەبەدەریشی وایان بردە وەهم و ئەندێشەیەوە کە ئەو کۆشکە ـ لە خۆی‌دا ـ خاوەنی ژیان بێت و، توانای بنیاتنانی خۆی و سەرجەم ژوور و هۆڵەکانی ببێت و، هەر خۆیشی وێنەی نەخشونیگارە ڕەنگین و سەرنج ڕاکێشەکانی کێشابن! ئەم گومانەش تەنها ئەنجامی ئەوە بوو کە تەسەووری نەدەکرد لە دەرەوەی کۆشك و لەو بیابانە چۆڵەدا کەسێك ببێت بنیاتنانی ئەو کۆشکە ناوازەیەی لە توانادا بێت!

لەبەر ئەوە و بۆ مەبەستی دۆزینەوەی "بنیاتنەر"ی ئەم کۆشکە ناوازەیە، دەستی بە گەڕان و پشکنین کرد لە نێوان شتانی ناو کۆشکەکەدا و، بە وردی چاوی بە ناویاندا دەگێڕا تاکو شتێك بدۆزێتەوە دروستکردن و ڕازاندنەوەی کۆشك و دابینکردن و دانانی کەرەسەکانی ناوی لە توانادا بێت. بەڵام هەرچەندە مرۆڤێکی دنیا نەدیو بوو، کەچی هەر شتێکی دەبینی عەقڵی پەسەندی نەدەکرد کە بەدیهێنەری ئەو کۆشکە ڕەنگین و ناوازەیە بێت.

پاش ماوەیەکی گەڕان و پشکنین، کتوپڕ لە گۆشەیەکی کۆشکەکەدا دەفتەرێکی دۆزییەوە کە پلان و نەخشەی بنیاتنان و، پێڕستی ناوەڕۆك و، یاساکانی بەکارهێنان و پرۆگرامی بەڕێوەبردنی شتانی ناو ئەو کۆشکەی تێدا نووسرابووەوە.

خۆ هەرچەندەش ئەو دەفتەرە – لە ڕاستیدا – چەشنی هەموو ئەو شتانەی کە تیایدا نووسراون، بنیاتنان و ڕازاندنەوەی ئەو کۆشکەی لەباردا نییە، چونکە نە دەستی هەیە کاری پێ بکات و نە چاویشی هەیە تا پێی ببینێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کەسە نەشارەزایە ئەو دەفتەرەی پەسەند کرد و پێی وابوو لەچاو هەموو شتەکانی ناو کۆشکدا پتر بۆ ئەو مەبەستە دەست دەدات، چونکە سەرنجی دا نەخشەی بینا و کەرەسە و ناوەڕۆکی کۆشکەکەی تێدایە و ئەو پلان و نەخشانەش کە لەو دەفتەرەدا تۆمار کراون لەگەڵ ڕەوتی کارەکانی ناو کۆشکەکەدا یەکاویەك دەردەچن. (چونکە ئەو دەفتەرە – وەك دوایی بۆمان دەردەکەوێت – ناونیشانی یاسا زانستییەکانی خواوەندە). لەبەر ئەوە، خۆی بە ناچار زانی کە بڵێت:

– (تەنها ئەم دەفتەرەیە کە ئەم کۆشکەی بنیات ناوە و، ڕێکی خستووە و، ڕازاندوویەتیەوە و، شتانی ناویشی بەدی هێناوە و، بەم شێوازە ڕێکوپێکییە پێ بەخشیون)!!

ئیتر بەم جۆرە وتە و وڕێنە بێ نرخانە، ڕادەی نەفامی و گەوجایەتیی خۆی دەربڕی.

کتومت و بە چەشنی ئەم نموونەیە:

گەوجێکی نەفام لەوانەی کە باوەڕیان بە "سروشت" هەیە و سەرپێچی لە مەزنایەتیی خوای گەورە دەکەن، کاتێ دێتە ناو ئەم کۆشکە گەورەیەی گەردوونەوە، کە بێ گومان گەلێ لەو کۆشکەی نموونەکەی پێشوو ڕێکوپێکتر و جوانترە و دارای وردەکاریی یەکجار ناوازە و قەشەنگترە، بە ڕادەیەکی وا کە هەرگیز بواری بەراوردکردن لە نێوانیاندا نییە. چونکە هەموو گۆشە و لایەنێکی کۆشکی مەزنی گەردوون چەندین موعجیزەی بێ هاوتا و پڕ لە دانستی بەرزیان تێدایە کە چەشنی تیشکی خۆر پرشنگ دەدەن..

ئەم گەلحۆیە دێتە ناو کۆشکی ئەم گەردوونە و، پێشەکی لە زەینی خۆیدا بڕیار دەدات: پشت لە هەموو ئاسەوارە زۆرەکانی سنعەتی کردگار هەڵبکات کە لە بەردەمیدان و، ئاسەواری ئەو کردگارەن کە سەرجەمی بەدیهێنراوان و مومکینات هەرگیز بە پلەی ئەو ناگەن و، بەسەر هەموویاندا بەرز و بڵندە. ئەم مرۆڤە، دێت و لەناو ئەم بوونەوەر و بەدیهێنراوانەدا بە دوای هۆی بەدیهێنەریاندا دەگەڕێت و دەست بە وردبوونەوە و پشکنین دەکات و، لە ئەنجامی گەڕانەکەیدا پەی بە کۆمەڵی یاسا

خواییەکان و پیرستی سنعەتی کردگار دەبات کە بە هەڵە - هەڵەیەکی گەورەش - ناوی "سروشت"ی لێ نراوە. ئەو سروشتەی کە وەك لاپەڕەیەکی دەفتەری "ئاڵ و گۆڕی" یاساکانی کاروباری توانستی خوای گەورە وایە و، لە بریی ئەو تابلۆیەی قەدەری خوایە کە شتانی تێدا دەنووسرێن و پاشان دەکوژێنرێنەوە، واتە لە بازنەی "بەدیهێنراوەکان"دا ئەوەی بیەوێت دەینووسێت و تیایدا دەیهێڵێتەوە، ئەوەش بیەوێت لای بیات، لایدەبات و دەیکوژێنێتەوە..

جا ئەم گەوج و گەلحۆیەش کە لە نێوان بەدیهێنراوانی بەرچاویدا بە دوای بەدیهێنەریاندا دەگەڕێت، دەڵێت:

(مادەم دەبێ هۆکارێك بێت ئەم شتانەی بەدی هێنابێت و، هیچ شتێکیش وەك ئەم دەفتەرە لە ئارادا نییە کە بەو ڕادەیە پەیوەندیی بە شتانی ناو کۆشکی گەردوونەوە بێت.. مادەم لە لایەکی تریشەوە باوەڕم بە خوای بەدیهێنەر نییە، ئەوا دەبێ هەر ئەم دەفتەرە بێت کە ئەو شتانەی بەدی هێنابێت)!!

بەڵێ، وا بڕیاری دا. هەرچەندەش "ژیری" بە تەواوەتی و بەپێی مەنتیق و پێوەرەکانی خۆی، دەست بە ڕووی ئەو گریمانەوە دەنێت کە ئەم دەفتەرە کەڕ و کوێر و کۆڵەوارە، ئەو کردارانەی ئەنجام دابێت کە تایبەتکاریی پەروەردگارێتییەکی ڕەهان، کە ئەویش داخوازی دەستەڵاتێکی ڕەها و فراوانە.

ئێمەش پێی دەڵێین:

ئەی تێنەگەیشتووی سەرسووڕماو!

ئەی ئەو گەوجەی کە لە "هەبەننەقە"[1] گەوج تری!

سەر لەناو زەلکاوی سروشت دەربهێنە و سەیری دەورووبەری خۆت بکە..

ئەوەتا هەموو بوونەوەر و بەدیهێنراوان، هەر لە گەردیلەکانەوە تا دەگاتە گەلەستێرەکان، هەموویان بە چەندین زمانی جۆراوجۆر شایەتی لەسەر بەدیهێنەری گەورەی بەدەستەڵات دەدەن و بەڵگەی تاك و تەنیایی ئەون. سەرت هەڵبڕە و خواوەندی بەدیهێنەری میهرەبان ببینە.

---

(١) نازناوی (یەزیدی کوڕی سەروانی قەیسی)یە، کە لە زمانی عەرەبیدا بە نموونەی گەوجی و گێلی دەیهێننەوە. (وەرگێر)

چونکە هەریەك لەو بوونەوەرانە، بە زمانی تایبەتی و بەڵگەی تایبەتیی خۆیان، شایەتی لەسەر ئەو خوایە دەدەن.

سەیر بکە؛ با درەوشانەوەی ئەو خوایە لە جیهاندا ببینیت کە ئەم کۆشکەی بنیات ناوە و، ئنجا پرۆگرام و پلان و یاساکانی ئەو کۆشکەشی لەو دەفتەرەدا نووسیوەتەوە.

ئەمە ببینە و، خۆت لە تاوان و لیتە و قوڕاوی ئەم ورێنە و وتە بێ نرخانە ڕزگار بکە!

نموونەی دووهەم:

جارێکیان مرۆڤێکی نەشارەزای جیهانی شارستانێتی و نەزان و دنیا نەدیو، دەڕواتە ناو سوپایەکی سامناکەوە و، لە بەردەم ئەو مەشق و ڕاهێنانە گشتییەی کە سەربازەکانی سوپا پێکەوە دەیانکرد، دەحەپەسێت کە دەبینێت ئەوپەڕی ڕێکی و خشتی و گوێڕایەڵی پیشان دەدەن. پاشان سەرنج لەو جموجوڵە ڕێکخراوەیان دەدات کە دەبینێت سەرجەمی سوپا، چ تیپ و چ لیوا و چ هێز، تێکڕا بە بزووتنەوەی یەك دانە کەس دەبزووونەوە و، بە بێدەنگ بوونیشی بێدەنگ دەبن و، هەرکاتیش ئەم یەك کەسە فەرمانی تەقە کردنی بۆ دەرکردن ئەوا هەموویان یەکسەر دەست بە تەقە و دەستڕێژ دەکەن..

بەڵێ، ئەم مرۆڤە سەرنجی لە هەموو ئەمانە دا. بەڵام تێنەگەیشتن و کەودەنییەکەی وایان لێ کرد کە هیچ شتێك لە بارەی فەرمانەکانی پێشەوایەتیی سوپا تێنەگات و پەیی پێ نەبات، لەوانەی کە لە یاساکانی دەوڵەت و پادشادا دیاری کراون. لەبەر ئەم تێنەگەیشتنەی ئینکاریی سەرکردایەتیی سەرکردەی مەزنی کرد و، بە ئەندێشەی خۆی پێی وابوو ئەم سەربازانە بەهۆی چەند پەتێکی ماددی بە یەکەوە بەستراونەتەوە! پاشان بیری لەو پەتە ئەندێشەییە دەکردەوە کە ئایا دەبێ چەندە سەیر و سەرسووڕهێنەر بێت؟ بەڵام لە ڕاستیدا خۆی گرفتاری سەرسامی و سەرسووڕمانی زیاتر کرد و بەو حاڵەوە سەربازگەی بەجێ هێشت و کەوتەڕێ!

هەر ئەم مرۆڤە، لە ڕۆژی جومعەدا ڕێی دەکەوێتە مزگەوتی گەورەی "ئەیا سۆفیا". دەبینێت کۆمەڵی موسڵمانان لە هەستان و دانیشتن و ڕکووع و سوژدەی نوێژدا گوێڕایەڵی دەنگی یەکێکیانن! جا لەبەر ئەوەی ئەم مرۆڤە لە واتا و ناوەڕۆکی "شەریعەتەکانی خواوەند" - کە یاسا مەعنەوی و ئاسمانییەکانە - تێنەدەگەیشت و، هەستی بەو دەستوور و یاسا مەعنەوییانە نەدەکرد کە لە فەرمانەکانی خاوەنی شەریعەتدان، ئەوا لای وابوو کە ئەو جەماعەتە، بە چەند پەتێکی ماددی بە یەکەوە بەستراونەتەوە! گوایە ئەو پەتە سەیرانە کۆمەڵی مزگەوتی پەیوەستی یەکتری کردووە و،

هەموو جموجووڵ و وەستانێکیشیان لـە رێـی ئـەو پەتانەوەیـە! بـەم جـۆرە، ڕۆشـت و کەوتەڕێ و، ئەم چەشنە بیرکردنەوە بێ نـرخ و نەزۆکانەشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت، کە هێندە بێ بایەخە تەنانەت ئەو جروجانـەوەرە دڕندانـەش کـە لـە شـێوە و شـکڵی مرۆڤدان، گاڵتەی پێ دەکەن و بە مایەی شەرمەزاریی دەزانن!

جا لە ڕوانگەی ئەم دوو نموونەیەوە دەڵێین:

مولحیدێك لەوانەی کە چەمکی سەرسەخت و تەواو نەزانانـەی "سروشـت"یـان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، کاتێ دێتە ناو ئەم جیهانەی کە سەربازگەیەکی بەسام و شکۆ و جوانی سوپای پادشای مەزنە و، مزگەوتێکی گەورە و ڕێك و قەشـەنگی ئەوتۆیە کە تەقدیسی پەرسـتراوی ئـەزەلیی تێدا دەکرێـت.. کاتـێ دێـت و پـەی بـەو "یاسـا مەعنەوییانە" دەبات کە ئاسەوارەکانیان لە پەیوەست کردنی ڕێسـاکانی ئەم گەردوونـە ناوازەیـەدا دەبینـرێن و، لـە سـەرچاوەی "دانسـت"ی ڕەهـا و بـێ سـنووری بەدیهێنـەری مەزنـەوە هـەڵقوڵاون.. ئەم مرۆڤە، سـەرجەمی ئـەو یاسـایانە بـە چـەند یاسـایەکی مـاددی دادەنێت و، وەك چەند ماددەیەکی ڕەق و تەق دەیانبینێت و لەو ڕوانگەیەشەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

هەروەها بە ئەندێشەی خـۆی پێـی وایـە کـە فەرمانـەکانی یاسـاکانی پـەروەردگارێتیی زاڵ و دەستەڵاتدار و گشتیی خواوەنـد، کـە چـەند یاسـایەکی گوێرەیـی و ئیعتیبـارین و.. دەستوورەکانی شـەریعەتی گـەردوونیی خواوەنـدی پەرسـتراوی ئـەزەلیش، کـە چـەند دەستوورێکی مەعنەوین و تەنها لە زانستی خوادا هەن و بوونیان هەیە، ئەم مرۆڤە، پێـی وا دەبێ کـە هـەرکام لـەو یاسـا و دەسـتوورانە بوونـی دەرەکییـان هەیـە و چـەند یاسـایەکی ماددین. ئیتر دێت و ئەو یاسایانەی کە لە "زانست"ی خوا و "گوفتار"ی پـەروەردگارەوە دەرچـوون و تەنهـا "بوونی زانستی"یان هـەیـە (واتە: تەنها لـە زانسـتی خـوادا هـەن) ئـەم دێت و لە بریی توانستی خـوا دایـاندەنێت و کاروبـاری بەدیـهێنان و دروسـتکردنیان پێ دەبەخشێت و، پاشان نـاوی "سروشـت"یان بەسـەردا دەبڕێـت. ئنجا ئـەو "هـێز"ەش کـە لـەناو ئـەو یاسـایانەدایە و بریتییـە لـە درەوشـانەوەیەکی "توانسـت"ی پـەروەردگار، ئـەم مرۆڤە مولحیدە بە "هـێزێکی بـەتوانای کاریگـەر"ی دادەنێـت و وەك "خـاوەن توانسـتێکی سەربەخۆ" بۆی دەڕوانێت!

جا ئایا کـەودەنی و نـەفامیی لەمـە زیـاتر هەیـە؟ ئایـا نـەفامی و گـەوجیی ئەم کەسـە بـە چەندین جاریش لە هی ناو نموونەکە زیاتر نییە؟

بە کورتی و پوختی:

ئەو شتە وەهمی‌یەی کە سروشت پەرستان ناوی "سروشت"ی لێ دەنێن و دارای هیچ حەقیقەتێکیش نی‌یە، ئەگەر بێت و وا دابنرێت بوونی ڕاستەقینەی دەرەکیشی ببێت، ئەوا:

تەنها سنعەتێکە، نەك سنعەتکار.. نەخشونیگارێکە، نەك نیگارکێش.. چەند فەرمانێکە، نەك فەرماندەر.. یاسا و شەریعەتێکی بەدیهاتووە، نەك یاسادانەر.. پەردەیەکی ڕووکەشی بەدیهێنراوە کە بەسەر ڕووی عیززەتی بەدیهێنەرێتیی خوای گەورەدا دادراوەتەوە، نەك بەدیهێنەر.. بەدیهێنراوێکی کارتێکراوە، نەك بەدیهێنەر و کردگار.. کۆمەڵە یاسایەکە، نەك توانست و خاوەن توانست.. ئامێرێکی پێوانەیە بۆ ئەوەی شتانی پێ بپێورێت، نەك سەرچاوەی شتان.

پوختەی ئەم قسانە: (کە لە ڕوونکردنەوەی مەحاڵەکانی ئەم سێ ڕێگایەدا باس کران) ئەوەیە کە:

مادەم بوونەوەران – لە ڕاستیدا – هەن.. مادەم عەقڵیش لە بۆچوونیدا بۆ دۆزینەوەی بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرانە، لە چوار ڕێگا زیاتری لە بەردەمدا نی‌یە – وەك لە پێشەکیدا باس کرا – ئنجا بە تەواوی و یەکجاریش نەگونجاوی و بەتاڵیی سیان لەو چوار ڕێگایەمان بۆ چەسپا، بەهۆی ڕوونکردنەوەی سێ دانە مەحاڵی ڕوون و ئاشکرا بۆ هەرکام لەو سێ ڕێگایە..

ئەوا بە "ڕوونی" و "بەداهەت" و "پێویست" ڕێگای چوارەم دەچەسپێت، کە ڕێگای: "بوونی بەدیهێنەرێکی تاکی تەنیا"یە. چەسپاندنی ئەو ڕێیەش لە دڵنیایی‌یەکی ئەوتۆوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ گومان و دوودڵی‌یەکی ئاوێتە نابێت و ڕێگایە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕووناکی دەکاتەوە کە دەفەرموێ:

﴿أفي الله شَكٌّ فاطِرِ السَّموات والأَرْضِ﴾؟

ئەم ئایەتە، بە ڕوونی و بەداهەت، بەڵگەیە لەسەر بوون و خوایەتیی خواوەندی "واجب الوجود" و، لەسەر ئەوەش کە خوایەتیی ئەم خوایە سەبارەت بە هەموو شتێکە و، هەموو شتان لە دەستی توانستی ئەو بەدیهێنەرەوە پەیدا بوون و، جڵەوی گشت کاروبارێکی ئاسمانەکان و زەویش هەر لە ژێر دەستی توانای ئەودان.

Remove Watermark Now

دەسا ئەی مرۆڤی هۆپەرست!

ئەی ئەو کەسەی کە تا ڕادەی پەرستن شەیدای "سروشت" بووە!

مادەم "سروشت"ی هەر شتێك وەك خودی ئەو شتە بەدیهێنراوە و دروست کراوە، چونکە بە تازەیی و بە جۆرێکی پڕ لە وردەکارییەوە پێکدێت و، مادەم هۆکارە ئاشکراکەشی، وەك هەر هۆکارێکی تر، ئەویش دروستکراو و بەدیهێنراوە..

ئنجا مادەم بوونی هەر شتێك پێویستی بە چەند هۆکار و پێداویستی و ئامێرێکی گەلێ زۆر هەیە، ئەوا دەبێ:

یەکێکی خاوەن توانستی ڕەها بێت کە ئەو سروشت و هۆکارە بەدی بهێنێت و دروستیان بکات و، دەبێ ئەو خاوەن توانستە ڕەهایەش لە توانستی خۆیدا هێندە بێ باك و دەوڵەمەند بێت کە پێویستی بە هیچ شتێك نەبێت و، هەرگیز هۆکارە بێ دەستەڵات و دەستەوسان و کۆڵەوارەکان لە کاروباری پەروەردگارێتیی خۆی و بەدیهێنانیدا بۆ شتان، بەشدار نەکات.

خۆ جگە لە خوای گەورە هیچ کەسێکی تر نییە کە بەم چەشنە خاوەنی توانستێکی ئاوا دەوڵەمەند و گەورە و بەرز بێت.

هەر ئەو خواوەندەیە کە چ هۆکارەکان(الأسباب) و چ بەهۆکراوەکان (المُسَبَّبات) ڕاستەوخۆ بەدی دەهێنێت و هۆکارییەکی ئاشکرا و ڕواڵەتییان لە نێواندا ساز دەکات و، بە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوانیان پابەندی یەکتریان دەکات و، "سروشت" و "هۆکارەکان"یش دەکات بە چەند پەردەیەك لە بەردەم توانست و مەزنایەتیی خۆیدا.

ئنجا بۆ ئەوەش کە عیززەت و گەورەییەکەی خۆی تەقدیس بکات و بە پاکی ڕایبگرێت، ئەوا هۆکارەکانی کردووە بە سەرچاوەی ئەو چەشنە کاروبارانەی کە بە چاوی ڕواڵەتبینی بە ناتەواوی و ستەم دەردەکەون لە شتاندا، تاکو هیچ ناتەواوی و کەموکوورییەك ڕوو نەکاتە ئەو عیززەتەی کە بۆ پەروەردگارێتیی خۆی بڕیاری داوە.

ئێستاش داوات لێ دەکەین کە ژیریی خۆت بکەیت بە سەرپشك و وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە:

کام لەم دوانە تێگەیشتنیان بە لای زەینەوە ئاسانترە و لە ژیرییەوە نزیکترە؟:

ئایا سەعاتچی‌یەك بۆ خۆی ئامێر و كەرەسەكانی سەعات دروست بكات و، بە گوێرەی ڕێكخستن و ڕێسا و پێكەوە گونجانیان سازیان بدات و بیانخاتەكار.. یان لەو ئامێرانەدا مەكینەیەكی نائاسایی دابنێت و ئەم دروستكردنە بە دەستە ڕەق و تەق و بێ گیانەكانی مەكینەكەی ناو ئەو ئامێرانە بسپێرێت؟

پێم بڵێ: ئایا ئەم بیروڕایە شتێكی نەگونجاوی مەحاڵ و گوفتارێكی پڕوپووچ و بەدەر لە بازنەی ژیری نی‌یە؟

یان كام لەم دوانە دەچێتە عەقڵەوە؟:

نووسەرێك پێداویستی‌یەكانی نووسین (لە مەرەكەب و كاغەز و قەڵەم) ئامادە بكات و خۆی بۆ خۆی كتێبێك بنووسێت.. یان ئەو نووسەرە لەناو كاغەز و قەڵەم و مەرەكەبەكەدا چاپخانەیەكی تایبەتی بۆ ئەو كتێبە دروست بكات - كە دیارە ئەم چاپخانەیەش گەلێ لە كتێبەكە ئاڵۆزترە - پاشان نووسینی كتێبەكە بدات بەسەر چاپخانەكەدا و خۆی هیچ دەستێك نەخاتە ناو كارەكە و بە چاپخانەكە بڵێت: "فەرموو تۆ كتێبەكە دابنێ و بینووسە"!

كام لەم دوانە دەچێتە عەقڵەوە؟

ئایا سپاردنی دانانی كتێبەكە بەو چاپخانەیە سەرتاپا گیروگرفت و كارێكی تەواو دژوار دەرناچێت؟ ئایا سەد هێندەی نووسینی نووسەرەكە كێشەی زیاتری نایەتە ڕێ؟ ئایا هیچ مرۆڤێكی ژیر و هۆشمەند و خاوەن هەست و شعووری تەواو ئەم كارە پەسەند دەكات؟ یان بە ڕەوای دەزانێت؟

خۆ ئەگەر بڵێیت:

بەڵێ ڕاستە، دروستكردنی چاپخانەكە بۆ چاپكردنی ئەو كتێبە لە دانانی كتێبەكە قورستر و ئاڵۆزترە، بەڵام مەكینەی چاپ گەلێ ئاسانتر نووسینی كتێبەكە دەخاتە ئەستۆی و ڕایدەپەڕێنێت، چونكە دەتوانێت چەندەها نوسخەی زۆر و زەبەندەی لێ دەربكات..

ئەوا لە وەڵامدا دەڵێین:

خواوەندی وێنە بەخش و نیگاركێشی ئەزەلی، بە توانستی ڕەهای خۆی و بۆ مەبەستی نوێ كردنەوەی دەروشانەوەی ناوە جوانە ڕەهاكانی خۆی لە هەموو كاتێكدا و پیشاندانیان بە چەند شێوەیەكی جیاجیا و جۆراوجۆر، هەردەم خودی بەدیهێنراوەكان و

سەرجەم ئەدگار و تایبەتکارییەکانیشیان بە چەند شکڵ و شێوەیەکی جیاجیا دروست دەکات، بە چەشنێك کە هیچ بەدیهێنراوێك - کە نووسراوێکی خواوەندی صەمەد و پەروەردگارە - بە تەواوی لە هیچ بەدیهێنراوێکی تر ناچێت.

بەڵێ، بۆ ئەوەی هەموو بەدیهاتوویەك گشت واتا و ناوەڕۆکە جیاجیاکان و سەرجەم ئامانج و مەبەستە جۆراوجۆرەکانی خۆی ڕابگەیەنێت، دەبێ ڕوخسار و شکڵێکی ئەوتۆی ببێت کە لەوانی تر جیای بکاتەوە.

بە وردی سەیری سەروسیمای مرۆڤ بکە؛ دەبینیت چەند نیشانەیەکی جوداکەرەوە لەو دەموچاوەدا کۆبوونەتەوە کە خاوەنەکەی لە هەموو مرۆڤ و لە گشت دەموچاوێکی تر، هەر لە سەردەمی حەزرەتی ئادەمەوە - درووودی خوای لەسەر بێت - تا ئێستا و تا دنیاش دنیایە، جیا دەکاتەوە، هەرچەندەش لە ئەندامەکانیان و لە مرۆڤێتی و ماهییەتیاندا هەموویان لە یەکتر دەچن. ئەمەش ڕاستییەکی هێندە ئاشکرایە کەس گومانی تێدا نییە.

کەواتە سەروسیمای تایبەت بە هەر دەموچاوێك، کتێبێکی سەربەخۆی ئەو دەموچاوەیە!

جا بۆ ئەوەی ئەم کتێبە تایبەت و سەربەخۆیە بە ڕێکوپێکی و وردەکاری دەربهێنرێت، دەبێ کۆمەڵە پیتێکی بە قەوارە و شێوە گونجاوی تایبەت بە خۆی ببێت و، ئنجا بە ڕێکخستنێکی تایبەتی و لە شوێنی دیاری کراوی خۆیاندا ڕێك بخرێن، تاکو بە نووسین و دانانێکی تایبەتی و جیاواز لەوانی تر بنووسرێت و دابنرێت. تەنانەت دەبێ مادده تایبەتییەکانی خۆی بهێنرێن و لەو جێگا دەستنیشان کراوانەیدا نیشتەجێ بکرێن و، پاشان لەگەڵ کەرەسە و پێداویستییەکانی "بوون" و "دەرهێنان"ی ئەو کتێبە (ئەو دەموچاوە)دا ڕێك بخرێن. دیارە هەموو ئەمانەش پێویستیان بە کارگەیەکی سەربەخۆی تایبەتی هەیە.

واتە: هەموو شتێك و هەموو دەموچاوێك پێویستی بە چاپخانەیەکی تایبەتی هەیە!!

پاشان ئەگەر بێت و "گریمانی مەحاڵ"یش بکەین و وا دابنێین کە "سروشت" وەك چاپخانەیەك وابێت، ئایا ئەم چاپخانەیەش بۆ خۆی پێویستی بە ڕێکخستن و ریز کردنێکی تایبەتی و دیاری کراو نییە؟ ئایا خودی چاپخانەکە - چ جای ریز کردنی پیتەکانی - پێویستی بە ڕێکخستن نابێت؟!

Remove Watermark Now

خۆ ئەو ماددانەی کە لە جەستەی هەر زیندەوەرێکدا هەن، بە بێ هیچ گومانێك، لە ماددەکانی چاپخانە و ڕیزکردن و ڕێکخستنیان گەلێ ئاڵۆزترن. چونکە کۆکردنەوە و دەرهێنانیان لە هەموو سووچ و گۆشە و قوژبنێکی جیهانەوە و، بەدیهێنانیان بە حساب و تەرازوویەکی وردی تایبەتی و، ڕێکخستنیان بەپێی داخوازی و ڕێسایەکی دیاری کراو، پاشان سپاردنیان بە چاپخانەکە.. گشت ئەم کارانە، پێش هەموو شتێك پێویستیان بە بەدیهێنەری چاپخانەکە دەبێت کە ئەنجامیان بدات و، هەرگیز هیچیان بە بێ ویستی ئەو نایەنەدی، کە ئەویش بریتییە لە "ویست" و "توانست"ی بەدیهێنەرانەی خواوەندی بەدیهێنەری بەتوانا.

کەواتە گریمانی ئەوەی کە "سروشت" وەك چاپخانەیەك وابێت، شیمانەیەکی پڕوپووچە و، لە ڕاستیدا گەوجایەتی و ئەفسانەیەکی ئاشکرا و ڕوونە!

بەم چەشنە و، لە ڕوانگەی ئەم دوو نموونەیەی "سەعات و کتێبەکە"وە، بۆمان دەردەکەوێت کە: چ (هۆکارەکان) و چ (بەهۆکراوەکان) هەموویان خواوەندی "بەدیهێنەری شکۆمەند" – کە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە – بەدیی هێناون و، هەر تەنها ئەو خواوەندەشە کە بە "دانایی" خۆی پەیوەستی یەکتریی کردوون و، هەر تەنها ئەویشە کە بە "ویست"ی خۆی سروشتی شتەکانیشی دەستنیشان کردووە و کردوونی بە چەند ئاوێنەیەك بۆ تیشکدانەوە و تیادەرکەوتنی یاسا و شەریعەتە گەردوونییە مەزنەکەی خۆی کە بریتییە لەو یاسا کارگێڕانەی خواوەند کە تایبەتن بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی گەردوونەوە. هەر ئەو خواوەندەشە کە بە "ویست"ی خۆی "ڕوخسار و سەروسیما"ی "سروشت"ی بەدی هێناوە کە بوونی دەرەکیی ئەم جیهانە بەرچاو و بینراوەی لەسەر بەندە و، گشت بەدیهێنراوەکانیشی لەسەر ئەو سروشتە داناوە و بە کەماڵی "دانایی" خۆی تێکەڵی یەکتریی کردوون.

* * *

ئێستاش ژیریی سەرگەردانی خۆت لەم کێشەیەدا دەکەین بە سەرپشك. با بە چاوی ویژدان بڕوانێت. تاکو بزانین کامیان وەردەگرێت و بە ئاسانی باوەڕی پێ دەکات؟

ئایا باوەڕ بەم ڕاستییە پەسەندکراوەی "ژیری" دەکات کە لە چەندین بەڵگەی بەهێزی لە ژمارەبەدەرەوە پەیدا بووە و، دڵنیایی بە مرۆڤ دەبەخشێت و تا ڕادەی "وجووب" بە پێویستی دەزانێت..

یان لەو باوەڕەدایە کە "بوون"ی هەر شتێك هاودەم لەگەڵ ئامێر و ئەندامە لەژمارەبەدەرە پێویستەکانی و چەند کردارێکی ئەوتۆش کە ڕوخسار و شەقڵی دانایی و بەسیرەتیان پێوە دیارە، هەموو ئەمانە بدرێنە پاڵ "سروشت" تاکو ئەنجامیان بدات؟! یاخود بدرێنە پاڵ ئەو مادده ڕەق و تەقە بێ گیان و بێ هەست و بەدیهێنراوە ساکارانەی کە ناوی "سروشت" و "هۆکارەکان"یان لێ دەنێن؟!

ئایا ئەم بۆچوونە، گەوجایەتی و خورافەتێکی تەواو مەحاڵ و بەتاڵ و، بەدەر لە بازنەی گریمانی عەقڵی نی‌یە؟!

بابای سروشت پەرستی سەرسەخت، لە وەڵامدا دەڵێت:

– (مادەم داوای بەکارهێنانی ویژدانت لێ کردم، ئەوا دان بەوەدا دەنێم کە ئەو ڕێگا سەر لێ شێوێنەی تا ئێستا گرتبوومانەبەر، هەروەك دەیان مەحاڵی تێدایە، تایبشلێی زیانبەخشە و لەوپەڕی ناشیرینی و بێ کەڵکیشدایە. هەرکەسێك خاوەنی تۆزقاڵێك هەست و فام و ژیری بێت، لەو لێکۆڵینەوە زانستی‌یانەی ئێوە باستان کردن، کە هەموویان پاڵیان بە چەندین بەڵگەی توندوتۆڵی چەسپێنەرەوە داوە، تێدەگات کە گێڕانەوەی دروستکردن و بەدیهێنانی شتان بۆ "سروشت" و "هۆکارەکان" بە لای ژیری‌یەوە بە یەکجارەکی مەحاڵ و نەگونجاوە، تەنانەت ژیریی ساغی مرۆڤ بە پێویستی دەزانێت کە بەدیهێنانی هەرچی شت هەیە ڕاستەوخۆ بدرێتە پاڵ خواوەندی "واجب الوجود". کەواتە سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ڕێی ئیمانی پاك و بێ گەردی پیشان دام و، بەم ئیمانە شاد و بەختەوەری کردم!

بەڵام تەنها یەك گومانم لە دڵدا ماوە، کە بریتی‌یە لەمەی خوارەوە:

من باوەڕم هەیە کە خوای گەورە پەروەردگار و بەدیهێنەری هەموو شتێکە. بەڵام ئایا چ زیانێك لە مەزنی و دەسەڵاتداریی ئەو خواوەندە دەکەوێت ئەگەر مەدح و ستایش ئاراستەی چەند هۆکارێکی هەندەکی بکرێت لەسەر بەدیهێنانیان بۆ چەند شتێکی کەم نرخ؟ ئایا ئەم کارە هیچ شتێك لە دەسەڵاتی بەتوانای خوای گەورە کەم دەکاتەوە؟

وەڵام:

هەروەك لە هەندێ پەیامدا چەسپاندوومانە:

سیفەتی (فەرمانڕەوایەتی) بە چەشنێکە هەرگیز ڕێ بە هیچ کەس و هیچ شتێك نادات دەست بخاتە ناو کاروبارەکانیەوە و خۆی تێدا هەڵبقورتێنێت. کە ئەمەش پێی دەڵێن: یاسای "رد المداخلة". واتە: "بوارنەدانی دەست تێوەردان".

ئەوەتا لەناو مرۆڤیشدا بچووکترین کاربەدەست، یان هەر کارمەند و فەرمانبەرێکی ئاسایی، لە چوارچێوە و سنووری فەرمانبەرێتی و فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا، دەرفەت بە کوڕ و جگەرگۆشەی خۆیشی نادات دەست بخاتە ناو کاروبارەکانیەوە. تەنانەت هەندێ لەو پادشایانەی کە بە وەهم و گومان پێیان وابووە کوڕەکانیان دەست دەخەنە ناو کاروباریان، یەکسەر ئەو جگەرگۆشە بێ تاوانانەی خۆیان کوشتووە، هەرچەندەش ئەو پادشایانە تا ڕادەیەك خاوەن تەقوا و پەرستش و فەرمانڕەوای موسڵمانانیش بوون!

ئەمەش ڕادەی ڕەسەنایەتیی یاسای "رد المداخلة"مان لە بواری فەرمانڕەوایەتیدا بۆ ڕوون دەکاتەوە. کە یاسایەکە هەر لە دوو کەسەوە، کە لەسەر بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی بچووکەوە دەبێتە هەرایان، تا دەگاتە دوو پادشا کە قرەیان لەسەر فەرمانڕەوایەتیی وڵاتێك بێت و هەریەکەیان بیەوێت خۆی تاکە فەرمانڕەوای وڵات بێت، دەگرێتەوە.

هەروەها یاسای: (ڕێ نەدان بە هاوبەش) کە یاسایەکی ترە و "یەکتابوون لە دەستەڵات"دا داخوازیەتی، ئەم یاسایەش لە درێژایی مێژووی مرۆڤدا، بە کوشتن و برین و ناکۆکی و خوێن ڕشتن، هێز و دەستەڵاتی خۆی سەپاندووە و سەقامگیری کردووە.

ئنجا تۆش دوای ئەوەی کە ئەم یاسایانەت زانی، وەرە سەرنجی ئەم مرۆڤە بدەکە لە ڕاستیدا بەڕێوەبردنی خۆیشی لە تواناداا نییە و، پێویستی بە یارمەتیی خەڵکی هەیە و، تەنها سێبەرێکی لاوازی فەرمانڕەوایی و کاربەدەستی نەبێ هیچی تر شك نابات، کەچی تا ئەو ڕادەیە دەرفەت بە کەس نادات دەست بخاتە ناو کاروبارەکانیەوە و بەشداریی فەرمانڕەوایەتیی بکات و، هەتا دەتوانێت هەوڵی سەربەخۆیی خۆی دەدات..

بەڵێ، سەرنجی ئەمە بدە و، ئنجا بیر لە "فەرمانڕەوای موتڵەق" بکەرەوە کە خوای فەرمانڕەوای شکۆمەندە و لەسەر عەرشی پەروەردگارێتیی گەردووندا فەرمانڕەوایە و هەر خۆی خاوەنی دەستەڵات و فەرمانە و، هەر تەنها ئەو سەربەخۆی تاك و تەنیایە و، دەستەڵاتێکی ڕەهای وایشی هەیە کە هەرگیز پێویستی بە هیچ شتێك نییە..

وەرە بیرێك لەمە بکەرەوە و ئنجا بزانە کە دەبێ سەبارەت بەم پەروەردگار و خواوەندە شکۆمەندەوە چەندە ڕاستییەکی حەتمی بێت کە هەرگیز ڕێ بە "هاوبەش" نەدات و، نەیەڵێت هیچ کەسێك دەست بخاتە ناو کاروبارەکانی و لە فەرمانڕەوایەتییە ڕەواکەیدا بەشداریی بکات! ئایا ئەم هاوبەش نەبوونە چەندە خواستێکی ڕەوا و حەتمیی ئەو پەروەردگارێتییەی ئەوە؟!

Remove Watermark Now

فەرموو بۆ خۆت ئەم دوو فەرمانڕەوایەتییە لەگەڵ یەکدا بەراورد بکە: فەرمانڕەوایەتیی مرۆڤ کە لاواز و کەم و کورت و موحتاجی یارمەتیی غەیری خۆیەتی، لەگەڵ فەرمانڕەوایەتیی ڕەها و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار و زاڵ و هەمەلایەنگری خوای گەورەی بەتوانادا!

سەبارەت بە کەرتی دووهەمی گومانەکەشەوە کە دەڵێت: ئەگەر هەندێ شتی بچووك و هەندەکی برێك پەرستش بۆ هۆکارەکان بکەن، واتە: ئەگەر هەندێ "پەرستش" ئاراستەی هەندێك لە "هۆکارەکان" بکرێن، چ زیان و کەموکووڕییەك بەو پەرستشە زۆر و زەبەندانەی گشت بوونەوەران دەگەیەنێت، کە هەر لە گەردیلەکانەوە تا دەگاتە ئەستێرە و قەبارەکانی ئاسمان و گەلەستێرەکان، لە بەرامبەر خواوەندی گەورە و پەرستراوی ڕاستەقینەوە، ئەنجامیان دەدەن؟

وەڵام:

بەدیهێنەری زانای دانا ئەم گەردوونەی لە شێوەی درەختێکدا بەدی هێناوە و، خاوەن هەست و شعوورەکانیشی کردووە بە میوە و بەروبوومی ئەو درەختەی گەردوون. ئنجا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ سەرجەمترین بەروبوومی نێوان خاوەن هەست و نەستەکانە، ئەوا ڕێزێکی گەلێ زۆری لێ ناوە و، شوکرانە و پەرستشی ئەم مرۆڤەشی کردووە بە گرنگترین و بەرزترین میوە و بەروبوومێك کە ژیانی مرۆڤ دەیگرێت و بەرهەمی دەهێنێت. تەنانەت ئەم دوانە (واتە شوکرانە و پەرستش) بەرهەمی ژیانی مرۆڤ و ئەنجام و ئامانجی بەدیهاتنی ئەون.

جا ئایا بەلای ژیریی مرۆڤەوە دەگونجێ کە ئەم خواوەندە "فەرمانڕەوا" و "تاك" و "تەنیا"یە کاروباری ئەو مرۆڤەی کە کردوویەتی بە بەروبوومی سەرجەمی بوونەوەران، بداتە دەستی غەیری خۆی، بۆ نموونە بیداتە دەستی هۆکارەکان؟ یان بەروبوومی ژیانی مرۆڤ (کە شوکرانە و پەرستشە) بە کەسانی تری جگە لە خۆی بسپێرێت؟ دوای ئەوەی کە سەرانسەری گەردوونی بۆ ئەوە بەدی هێناوە کە خوایەتیی خۆی بەوان بناسێنێت و پەروەردگاریێتی خۆی لە بەرچاوی ئەواندا خۆشەویست و شیرین بکات؟ ئایا دەگونجێ ئاکامی بەدیهێنان و بەروبوومی بوونەوەران واز لێ بهێنێت و بە دەستی "بێمەبەستی"یان بسپێرێت؟ نەخێر، وا نییە و، خواوەند گەلێ خاوێن و باڵایە و هەرگیز بە هاوبەشایەتی ڕازی نابێت.

Remove Watermark Now

پاشان، ئایا دەگونجێ خواوەند ڕەفتاری پێچەوانەی دانست و پەروەردگارێتیی ڕەهای خۆی لێ بووەشێتەوە و، بوار بدات کە هەندێ "هۆکار" ببن بە پەرستراوی بەدیهاتووانی؟ لە کاتێکدا کە ئەم خواوەندە گەورەیە لە ڕێگای کردارەکانی و بەخششە نەرم و نیانەکانیەوە خۆیمان پێ دەناسێنێت و لە لامان خۆشەویستی دەکات؟

ئایا چۆن ئەو خواوەندە مەزنە - دوای هەموو ئەمانە - بوار بە دروستکراوەکانی خۆی دەدات کە خوای خۆیان لە یاد بکەن، دوای ئەوەی کە ئامانجە بەرزەکانی بەدیهێنانی گەردوونی پیشان دان کە بریتییە لە: پێناسینی خوا و، پاشان پەرستنی؟ بەوەی کە دەرفەت بە غەیری خۆی بدات تا لە لای کاملترین و بەرزترین بەدیهێنراوانی ئەم خوایە خۆیان خۆشەویست بکەن؟ نەخێر، هەرگیز شتی وا ڕوو نادات!

* * *

ئێستاش ئەی ئەو برادەرەی کە ڕوونکردنەوەکانی پێشووت بیست! هەرچی دەڵێیت، فەرموو بیڵێ و باسی بکە.

ئەو برادەرەش لە وەڵامدا دەڵێت:

- سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە گیروگرفتەکانی ئەم دوو گومانەی وا بە ئاسانی بۆ چارەسەر کردم و، بە تەواوی دڵنیا بووم لەوەی کە جگە لە زاتی خوای گەورە هیچ شت و کەسێکی تر شایانی تاك و تەنیایی و پەرستش نییە. بە ڕاستی دوو بەڵگەی هێندە بەهێزت لەسەر ئەم ڕاستییە بۆ هێنامەوە کە هەرگیز ئینکاری ناکرێن، مەگەر لە لایەن کەسێکەوە کە ئەوەندە سەرسەخت بێت نکوولی لە ڕۆژی ڕۆشنا و خۆری ناوجەرگەی ئاسمان بکات!

کۆتایی

ئەو مرۆڤەی کە وازی لە بیروباوەڕ و بۆچوونی مولحیدانەی "سروشت" هێنا و، بە بیرێکی نوێوە هاتە ناو بازنەی ڕێڕەوی ئیمانەوە، دەڵێت:

سوپاس بۆ خوا کە هیچ کام لە گومانەکانم لە دڵدا نەمان. بەڵام چەند پرسیارێکم هەن سەرم تیایاندا سووڕماوە و سەرنجم ڕادەکێشن:

Remove Watermark Now

❍ **پرسیاری یەکەم:**

زۆربەی ئەو کەسانەی سەبارەت بە ئەنجامدانی پەرستشەکانیانەوە تەمبەڵ و کەمتەرخەمن و، بە تایبەتی وازیان لە نوێژ کردن هێناوە، لێیان دەبیستین کە دەڵێن: خواوەندی پەروەردگاری دەوڵەمەندی بەدەستەڵات چ پێویستییەکی بە پەرستشی ئێمە هەیە؟ ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا بەوپەڕی توندوتیژی هەڕەشەمان لێ دەکات و بە سزای پڕ لە ئێش و ئازاری وەك دۆزەخ دەمان ترسێنێت. ئایا ئەو شێوازە ڕێك و ڕەوان و لەسەرخۆ و ئیعجازبەخشەی کە لە شوێنەکانی تری قورئاندا بەرچاو دەکەوێت، چۆن لەگەڵ ئەم شێوازەدا یەك دەگرێتەوە کە سەرتاپا هەڕەشەی توندوتیژە لە بەرامبەر تاوانێکی بچووك و هەندەکی و کەمنرخەوە؟

وەڵام:

ڕاستە هەرگیز خوای گەورە، کە هەر لە زاتی خۆیدا دەوڵەمەند و بەدەستەڵاتە، نەك هەر تەنها پێویستی بە پەرستشی تۆی مرۆڤ نییە، تەنانەت پێویستی بە هیچ شتێك نییە. بەڵکو هەر تەنها تۆی مرۆڤی هەژاریت کە پێویستت بە پەرستنی ئەوە! چونکە تۆ دووچاری نەخۆشییەکی مەعنەوی بوویت و، پەرستشی ئەو خواوەندەش مەلهەمێکی سارێژکاری نەخۆشییەکانی "گیان" و ئازارەکانی "زات"ی مرۆڤانەی تۆیە.

ئەمەشمان لە گەلێ پەیامدا چەسپاندووە و، بەم شێوەیەی خوارەوە نموونەمان لەسەر هێناوەتەوە:

ئەگەر پزیشکێکی میهرەبان بە دڵسۆزی و جەختەوە داوای خواردنی دەرمانێکی تایبەتی لە نەخۆشێکی خۆی بکات و، پێی بڵێت: ئەم دەرمانە شیفابەخشە بخۆ کە تایبەتە بە نەخۆشییەکەتەوە، کەچی نەخۆشەکە لە وەڵامدا پێی بڵێت: تۆ چ پێویستییەکت بەم دەرمانەیە وا بە گەرمی داوای خواردنی دەرمانی وام لێ دەکەیت؟ تۆ کارت بەسەرمەوە چییە؟

ئایا لەم وەڵامەوە مەودای گەوجی و ڕادەی بێنرخیی قسەی بابای نەخۆشت بۆ دەرناکەوێ؟

سەبارەت بە قورئانی پیرۆزیشەوە کە بە سزای ئازاربەخش هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە وازیان لە پەرستش هێناوە، ئەوا بە نموونەیەك ڕوونی دەکەینەوە:

ئەگەر کەسێك تاوانێکی وای ئەنجام دابێت کە مافی خەڵکیی تێدا پێشێل کردبێت، ئەوا پادشای وڵات لە پێناوی پاراستنی ژیان و مافی هاووڵاتیانی و ئەوانەی لە ژێر سایەی فەرمانڕەوایەتیی خۆیدان، تۆڵەی توندوتیژ لەو کەسە دەسێنێتەوە..

جا هەروەك ئەو پادشایە ئەم هەڕەشەیە دەکات و ئەو تۆڵەیە دەسێنێتەوە، خواوەندی گەورەش کە پادشای ئەزەل و ئەبەدە، بە هەمان جۆر سزای توندوتیژی ئەوانە دەدات کە وازیان لە نوێژ و پەرستش هێناوە، لەبەر ئەوەی بەم وازهێنانەیان دەستدرێژی و ستەم لە بوونەوەران دەکەن و مافیان پێشێل دەکەن.

چونکە کەماڵاتی ئەو بوونەوەرانەی لە ژێر حوکمداری و فەرمانڕەوایەتیی ئەو خوایەدان، لە شێوەی تەسبیحات و پەرستشدا دەردەکەوێت، کە بەو دیوەیان ڕووی لە خوای بەدیهێنەر و دانایە، ئەو تەسبیحات و پەرستشانە ئەنجام دەدەن..

خۆ ئەو کەسەش کە وازی لە پەرستشی خوا هێناوە، نە پەرستشی ئەو بوونەوەر و بەدیهێنراوانەی دیوە، نە دەشتوانێت بیانبینێت، تەنانەت ئینکاریشی دەکات. بۆیە لە نرخ و بەهای ئەم بوونەوەرانەی (کە لە ڕووی پەرستش و تەسبیحاتەوە) هەریەکەیان نووسراوێکی خوایی و ئاوێنەیەکی درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی پەروەردگارن، کەم دەکاتەوە و بایەخیان ناداتێ و، لە پلەوپایەی بڵندی خۆیانەوە دایان دەگرێت و، جگە لە بێ مەبەستییەکی بەتاڵ لە واتا و ناوەرۆك هیچی تریان تێدا نابینێت و، کاڵای فەرمانبەری و کارمەندییان لەبەر دادەماڵێت و، بە وشك و ڕەق و تەق و بێ بایەخیان دادەنێت. دیارە بەم کارەش ئەو مرۆڤە دوور لە پەرستشە، گاڵتە بە بوونەوەران و ئینکاریی کەماڵاتیان دەکات و دەستدرێژی دەکاتە سەر مافەکانیان و "ڕاستیی بوون"یان لە گەردووندا.

بەڵێ، هەر کەسێك دەڕوانێتە ئەم گەردوونە، بە دووربین و تەرازووی تایبەتیی خۆی و لە ڕوانگەی تیا دەرکەوتنی ئاوێنە تایبەتییەکەی خۆیەوە بۆی دەڕوانێت. چونکە خواوەندی بەدیهێنەر مرۆڤی لەسەر شێوەی تەرازوویەك بەدی هێناوە کە ئەم گەردوونەی پێ لێك بداتەوە، تاکو مرۆڤ بە هۆی ئەو تەرازووەی کە لە خۆیدا هەستی پێ دەکات بتوانێت هەموو کاروبارێکی ناو گەردوون هەڵبسەنگێنێت..

ئەوەتا خواوەندی گەورە جیهانێکی تایبەتیی بە هەموو مرۆڤێك لە ناوەندی ئەم جیهانە گەورە و گشتییەدا بەخشیوە. جیهانی تایبەتیی هەر کەسێکیش بە گوێرەی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕە تایبەتییەکەی دڵ و دەروونی خۆیەتی. دەبینین ئەو کەسەی

نائومێد و خەفەتبارە، بوونەوەرانیش لە بەرچاویدا لە گریان و خەفەتباریدان، بەڵام مرۆڤی بەختەوەر و دڵخۆش و شادمان، بوونەوەرانی بە دڵخۆش و شادمان و خەندە لێو دێنە بەرچاو!

هەر بەم چەشنە، ئەو کەسەش کە بە تێفکرین و گەرموگوڕی و هەست و نەستی تەواوەتی و سەرنج و لێبرانەوە پەرستشەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، شتێکی لە پەرستشە بێ گومان و ڕاست و چەسپاوەکەی گەردوون بۆ دەردەکەوێت. بەڵام ئەوەی وازی لە پەرستش هێناوە و لێی بێ ئاگایە، یاخود ئینکاریی دەکات، ئەوا وەهمێکی هەڵەی لە مێشکی خۆیدا بۆ بوونەوەران بڕیار داوە، کە بە تەواوەتی پێچەوانەی ڕاستیی کەماڵات و حەقیقەتی ئەو بوونەوەرانەیە. ئەمەش دەستدرێژییەکی مەعنەوییە بۆ سەر مافی ئەو بوونەوەرانە.

مرۆڤی نوێژنەکەر لەم ستەمانەش زیاتری لێ دەوەشێتەوە؛ ئەوەتا ستەم لە "زات"ی خۆیشی دەکات کاتێ کە واز لە نوێژکردن دەهێنێت، چونکە لە ڕاستیدا خۆی خاوەنی "زاتی خۆی" نییە تا بە سەربەستی و ڕەفتاری سەربەخۆ لەگەڵ خۆیدا بجووڵێتەوە. بەڵکو بەندەیەکی خاوەندارە لە خزمەت خاوەنەکەی خۆیدا. خۆ دیارە ئەم بەندەیەش ئەرکی بەندایەتیی بەجێ نەهێناوە. لەبەر ئەوە، خاوەنەکەی هەڕەشەی توندوتیژی ئاراستە دەکات، تاکو مافی بەندەکەی خۆی لە "دەروونی بەدخواز"ی ئەو بەندەیە بسێنێتەوە!

وێڕای ئەمانەش، ئەو بەندەیە بە وازهێنانیلە پەرستش (کە ئاکام و پوختەی ئامانجی بەدیهێنانی بوونەوەرانە) لە سنوور دەرچوونی خۆی و دەستدرێژی کردنی بۆ سەر "دانست"ی خواوەند و "ویست"ی پەروەردگار، ڕادەگەیەنێت. کەواتە لەسەر هەموو ئەمانە، دەبێ ئەو بەندەیە سزای توندوتیژ بدرێت.

لەمانەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

ئەو کەسەی واز لە پەرستش دەهێنێت، هەروەك ستەم لە خۆی دەکات، لە کاتێکدا کە خۆی بەندەی خواوەندە، لە هەمان کاتیشدا دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی کەماڵاتی بوونەوەران و ستەمیان لێ دەکات.

بەڵێ، هەروەك "کافرێتی" بریتییە لە: بێنرخ زانینی بوونەوەران و گاڵتە پێکردنیان، "وازهێنانیش لە پەرستش" بریتییە لە: ئینکاری کردنی کەماڵاتی بوونەوەران و دەستدرێژییە بۆ سەر دانایی پەروەردگار. هەر لەبەر ئەوەشە کە شایستەی ئەوە دەبێت هەڕەشەی توندوتیژی لێ بکرێت و سزای بەئازاریش بدرێت.

Remove Watermark Now

لەمەوە دەردەکەوێت کە قورئانی پیرۆز شێوازی هەڕەشە و گوڕەشەی بۆیە گرتووەتە بەر تاکو ئەم "شایستەیی"یە و ئەو "ڕاستیی‌یە ناوبراوە" دەربـبڕێت. کەواتە ئەم شێوازە ڕەوان و ئیعجازبەخشەی قورئان، لەگەڵ داخوازیی حاڵ و مەقامدا، کە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ڕەوانبێژیە، تەواو یەکاویەك و گونجاوە.

○ **پرسیاری دووهەم:**

ئەم هاوڕێیەمان کە وازی لە "سروشت" هێنا و بە تەواوی دەستی لێ داتەکاند و، ئێستا بە بەختەوەریی "ئیمان" شاد بووە، دەڵێت:

گوێڕایەڵیی هەموو بوونەوەرێکی ناو ئەم گەردوونە، لە گشت کاروبارەکانی و سەرجەمی ئەو ئیشانەی ئەنجامیان دەدات، بە شێوەیەکی ڕەها و تەواوەتی بۆ: "ویستی خوایی" و "توانستی پەروەردگاری" ڕاستییەکی هێندە مەزن و گەورەیە کە لە زەینی کول و کورت بینی ئێمەدا جێی نابێتەوە. لەکاتێکدا کە بە چاوی خۆمان "زۆری"یەکی لەڕادەبەدەر لە بەدیهێنراوان و، "ئاسانی"یەکی ڕەها لە دروستبوونی شتاندا دەبینین. ئنجا لە ڕێی ئەو بەڵگە بەهێز و چەسپێنەرانەی ئێوەشەوە بۆمان ساغ بووەوە کە ئەم ئاسانیی‌یەی لە بەدیهێناندا هەیە، هی ئەوەیە کە ئەو بوونەوەرانە تەنها "یەك بەدیهێنەر"یان هەیە، بۆیە وا ئەو ئاسانیی‌یەیان لە دروستبووندا بۆ ڕەخساوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتیدا زۆر بە ڕاشکاوی ئەم ڕاستیی‌یەی بڕیار داوە. وەك ئەم ئایەتانەی کە دەفەرموون:

﴿ما خَلْقُكُمْ ولا بَعْثُكُمْ إلاّ كَنَفْسٍ واحِدَةٍ﴾ (لقمان:٢٨).

﴿وما أمْرُ السَّاعَةِ إلاّ كَلَمْحِ الْبَصَرِ أوْ هُوَ أقْرَب﴾ (النحل:٧٧).

هەموو ئەمانە، وا لەو ڕاستیی‌یە دەکەن (واتە ڕاستیی ئاسانیی بەدیهێنان) کە ژیریی مرۆڤ پەسەندی بکات و وەری بگرێت. بەڵام ئایا چ "نهێنی" و "دانایی"یەك لەم ئاسانیی‌یەدا هەیە؟!

وەڵام:

ئەم "نهێنی"یە لە وشەی دەهەمی "مەکتووبی بیستەم" بە تایبەتی لە پاشکۆکەیدا کە شەرحی "وهو على كُلِّ شيء قديـــــر" دەکات، زۆر بە ڕێکوپێکی و بێ گومانی و بە چەشنێکی دڵنیاییدەر ڕوون بووەتەوە و بە جوانی چەسپێنراوە کە:

هەرکات بەدیهێنانی سەرجەمی بوونەوەران بە توانستی بەدیهێنەری تاك و تەنیا بسپێررێت، ئەوا بە ئەندازەی بەدیهێنانی یەکێکیان کارەکە ئاسان دەبێت. بەڵام

هەرکات بەدیهێنان نەدرێتە پاڵ بەدیهێنەری تاك و تەنیا و بدرێت بە چەند دەستێکی زۆر، ئەوا بەدیهێنانی تاکە یەك شت بە ئەندازەی بەدیهێنانی هەموو بوونەوەران بە لای ئەو دەستە زۆرانەوە گران و قورس دەبێت. واتە ئەو کاتە بەدیهێنانی "تۆو"ێك بە ئەندازەی بەدیهێنانی "درەخت"ێك قورس و دژوار دەبێت.

بەڵام لە کاتی گێڕانەوەی "دروستکردن"دا بۆ بەدیهێنەری ڕاستەقینەی تاك و تەنیا، کارەکە هێندە ئاسان دەبێت کە بەدیهێنانی هەموو "بوونەوەران" وەك بەدیهێنانی یەك درەخت و، "درەخت"یش وەك یەك دانە "تۆو" و، "بەهەشت"یش وەك وەرزی بەهار و، بەهاریش وەك تاقە "گوڵ"ێکی لێ دێت و بە لایەوە ئاسان دەبێت.

وا ئێستاش لە نێوان سەدان بەڵگەدا، کە لە پەیامەکانی تردا بە درێژی ڕوونمان کردوونەتەوە، ئاماژە بۆ یەك دوو دانە لەو بەڵگانە دەکەین کە "نهێنی"ی زۆریی بوونەوەرە لەژمارە بەدەرەکانی بەرچاومان و، زۆریی تاکەکانی ئەو جۆرانە و، دروست بوونیان بەوپەڕی ئاسانی و لەوپەڕی وردەکاری و ڕێکوپێکیدا، ڕوون دەکەنەوە:

بۆ نموونە:

بەڕێوەبردنی (سەد) سەرباز لە ژێر فەرمان و چاودێریی (یەك) ئەفسەردا، سەد ئەوەندەی ئەوە ئاسانە کە بەڕێوەبردنی (یەك) سەرباز بە (سەد) ئەفسەر بسپێرێت!!

هەروەها، هەرکات دابین کردنی پێداویستییە سەربازییەکانی سوپایەکی تەواو لە یەك کارگە و مەڵبەندا بێت و بە یەك یاسا و یەك فەرمان بەڕێوە بروات کە یەك سەرکردە دەری بکات، ئەم کارە لە ڕووی زۆری و چەندایەتییەوە، بە ئەندازەی دابین کردنی پێداویستیی یەك دانە سەرباز ئاسان دەبێت. بەڵام دابین کردنی پێداویستیی یەك دانە سەرباز، لە چەند کارگە و مەڵبەندێکی جیاجیا و بە فەرمانی چەند سەرکردەیەك، هەر لە ڕوانگەی چەندایەتییەوە، بە ئەندازەی دابین کردنی پێداویستیی سوپایەکی سەربەخۆ و تەواو، گران و قورس دەبێت، چونکە ئەو کاتە دابین کردنی پێداویستییە سەربازییەکانی یەك دانە سەرباز، بە ئەندازەی پێویستیی سەرجەمی سوپا، داخوازی کارگەی جۆراوجۆر دەبێت!

هەروەها بە چاو دەبینرێت:

هەزاران دانە میوە و بەروبووم کە تەنها یەك درەخت دەیانگرێت، تەنها لە یەك ڕەگ و یەك مەڵبەند و بەپێی یەك یاسا، ماددە پێویستەکانی خۆیان وەردەگرن. ئەمەش

Remove Watermark Now

ئەوەندە بە سووك و ئاسانی تەواو دەبێـت، کـە دەڵێـی ئـەو درەختـە تەنـها یـەك دانـە بـەری گرتووە. ئەمەش بەهۆی "نهێنی"ی یەکبوون(الوحدة)ەوەیە.

بەڵام ئەگەر بێت و ئەم "یەکبوون"ە لاببرێت و زۆری(الکثرة) لە جێگەیدا دابنرێت، واتە ئەگەر هەموو یەکێك لەو میوە و بەروبوومانـە مـاددە پێویستەکانی خۆیـان لـە چەنـد مەڵبەندێکی جیاجیا وەربگرن، ئـەوا بەدیـهێنانی یـەك دانـە بـەر بـە ئەندازەی بەدیـهێنانی درەختێك گران و پڕ لە گیرو گرفت دەبێت. تەنانەت بەدیـهێنانی "تۆو" - کـە نموونـە و پێرستی درەختێکە - بە ئەندازەی خودی درەختەکە قورس و گـران دەبێـت. چونکـە ئەو ماددانەی کە بۆ ژیانی درەختەکە پێویستن، هـەر هـەمان ماددەشن کـە بـۆ ژیـانی تۆوەکە پێویستە بن.

سـەدان نموونـەی تـری هاوچەشنی ئـەم نموونانـە هـەن، هـەر هەمووشـیان ئـەوە ڕوون دەکەنەوە کە: پەیدابوون و دروستبوونی هـەزاران بەدیـهێنراو لـە ڕێگـای "یـەکبوون"ەوە گەلـێ ئاسـانترە لـەوەی کـە تەنـها یـەك بەدیـهێنراو لـە ڕێگـای "زۆری" و "بوونـی هاوبەش"ەوە بێتە ناو جیهانی "بوون" و بەدی بهێنرێت.

جا لەبەر ئەوەی ئەم ڕاستییەمان لە چەندین پەیامی تردا بـە دڵنیاییەکی گومـان لـێ نەکراو چەسپاندووە، ئەوا خوێنەری بـەڕێز ڕەوانـەی ئەو پەیامانە دەکەین. بـەڵام لـێرەدا تەنـها یـەك "نـهێنی"ی گـەورە بـاس دەکـەین کـە پەیوەندیی بـەم ئاسـانییەوە هەیـە و، لـە ڕوانگـەی "زانسـت" و "قـەدەر"ی خـوا و "توانسـت"ی پـەروەردگارەوە دەڕوانێتـە مەسەلەکە:

هیـچ گومـانێك لـەوەدا نییـە کـە تـۆ وەك مرۆڤێـك هـەیت و، یـەکێکیت لـەو بوونەوەرانەی کە خاوەنی "بوون"ن..

جا ئەگـەر خـۆت تەسـلیمی خواوەنـدی خـاوەن "توانستی ڕەهـا" بکـەیت، ئـەوا لـە ماوەی چاوتروو کاندنێکدا لە هیچ و "نەبوون"ەوە و بە فەرمانێکی ئەو خوایە و بە دەستی توانستی ئـەو، دروسـت دەبیـت و "بـوون"ت پـێ دەبەخشـرێت. بـەڵام ئەگـەر خـۆت تەسلیمی ئەو نەکەیت و بەدیهێنانی خۆت بە "هۆکارە ماددییـەکان" بسـپێریت و خـۆت تەسلیمی سروشت بکەیت، ئەوا بـۆ بەدیـهێنانی تـۆ (کـە تەنـها یـەك دانـە کەسـیت) دەبـێ هـەموو مـاددە پێویسـتەکانی دروسـتبوونت لـە هـەموو جیـهان و گشـت گـەردووندا کـۆ بکرێنەوە و، لە چەندین پاڵێو گـەدا بپاڵێورێن و بە چەندین تاقیکردنەوەی جۆراوجـۆردا تێپـەڕ ببن و بـە چـەندین تـەرازووی وردی سـەرنەکەر و هەسـتیار بکێشـرێن. چونکـە تـۆ

پوختەیەکی ڕێکوپێك و پڕستێکی بچووك و بەروبوومێکی پێگەیشتووی سەرجەمی ئەم گەردوونەیت و، هەگبەیەکیت کە گشت ماددە سەرەکی‌یەکانی گەردوونت تێدا جەم کراون.

بەڵێ، ئەم گەڕان و پشکنین و کۆکردنەوەیە – ئەو کاتە – شتێکی پێویست دەبێت، چونکە هۆکارە ماددی‌یەکان جگە لە (کۆکردنەوە و پێکهێنان) هیچ شتێکی تریان لە توانادا نی‌یە. ئەوەتا لای هەموو ژیران و خاوەن هەستان چەسپاوە کە هۆکارە ماددی‌یەکان ناتوانن هیچ ماددەیەك لە "نەبوون"ەوە دروست بکەن و "بوون"ی پێ ببەخشن. جا لەبەر ئەوەی هۆکارە ماددی‌یەکان ناتوانن لە "نەبوون"ەوە هیچ شتێك بەدی بهێنن، ئەوا بۆ دروستکردنی جەستەی هەر زیندەوەرێك (گەر وا دابنرێت جەستەی زیندەوەر هۆکارە ماددی‌یەکان دروستی بکەن) دەبێ گشت ماددە پێویستەکانی دروستبوونی لە هەموو گۆشە و جێگایەکی جیهاندا کۆ بکرێنەوە!

بۆ خۆت لەم نموونەیەوە ڕادەی ئەو ئاسانی‌یە بزانە کە لە ڕێی "یەکبوون" و "یەکتایی"دا هەیە و، لە ئەندازەی گرانی و گیروگرفتەکانی بەدیهێنانیش تێبگە کە لە ڕێگای "بوونی هاوبەش"و "گومڕایی"دا دێنە کایەوە.

دووهەمیان:

لە ڕوانگەی "زانستی خوایی"شەوە ئاسانی‌یەکی ڕەها لە بەدیهێناندا هەیە. ئەویش بە درێژی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

"قەدەری خوا" جۆرێکە لە "زانستی خوا". جا ئەم قەدەرە، ئەندازەی هەموو شتێك لەو زانیاری‌یەدا دیاری دەکات. وەك بڵێی قالبێکی مەعنەوی و تایبەتیی ئەو شتە بێت. کەواتە ئەو ئەندازەیەی کە لە قەدەری خوادایە، وەك نموونە و نەخشەی ئەو شتە وایە کە لە "زانست"ی خوادا دیاری کراوە و لە پاشاندا بەدی دەهێنرێت. جا هەرکات "توانست"ی خوای گەورە ئەو شتە بەدی دەهێنێت ئەوا بەوپەڕی ئاسانی لەسەر ئەو ئەندازە و نەخشەیە بەدیی دەهێنێت کە زووتر "قەدەری خوا" نەخشەکەی بۆ کێشابوو.

جا ئەگەر بەدیهێنانی ئەو شتە لە نەبوونەوە، نەدرێتە پاڵ ئەو خوایەی کە خاوەنی زانستێکی ڕەها و ئەزەلی و گەورەیە و، بەتوانا و شکۆمەندە، ئەوا نەك هەر تەنها هەزاران گیروگرفت پەیدا دەبن، بەڵکو سەدان مەحاڵیش دێنە پێش! چونکە ئەگەر چەشنی حاڵەتی یەکەم ئەو ئەندازەیەی کە لە "قەدەر" و "زانست"ی خوای گەورەدا دیاری

Remove Watermark Now

کراوە لە کایەدا نەبێت، ئەوا دەبێ هەزاران قاڵبی ماددی و خاوەن "بوونـی دەرەکـی" لـە جەستەی بچووکی ئەو زیندەوەرەدا بەکار بهێنرێن!

دەسا تۆیش لە روانگەی ئەم نموونەیەوە بۆ خۆت لەو ئاسـانی‌یە رەهایە تێبگـە کـە لـە بەدیهێنان و دروستکردندا هەیە کاتێ رێی "یـەکتایی" لـەم مەسـەلەیەدا رەچـاو دەکرێـت. هەروەها پەی بەو گیروگرفتانەش ببە کە لە رێگای هاوبەش بریاردان و گومڕایـیدا هـەن. پاشان ئەو حەقیقەتە راست و بەرز و بلندەش بزانە کە ئـەم ئایەتە پـیرۆزە دەری دەبرێـت و رایدەگەیەنێت کە دەفەرموێ:

﴿وما أمْرُ السَّاعَةِ إلاّ كَلَمْحِ الْبَصَرِ أوْ هُوَ أقْرَب﴾ (النحل:٧٧).

❍ پرسیاری سێهەم:

ئەم مرۆڤەی کە لە پێشدا دوژمنایەتیی لەگەڵ ئیمـاندا دەکـرد و ئێستا پێـی بەهرەمەند بووە، دەڵێت:

بۆچی فەیلەسووفە توندڕەوەکانی سەردەم دەڵێن: (هیچ شتێك لـە "بـوون"ەوە بـەرەو "نەبوون" ناڕوات و لەناو ناچێت و، لە "نەبوون"یشەوە هیچ شـتێك دروسـت نـاکرێت). کە ئەمەش بە دەستەواژەی "المادةُ لا تُفني ولا تُستحدث" دەردەبڕن؟ هـەروەها پێیـان وایە کە ئەو شتەی گەردوون بەڕێوە دەبات تەنها بریتی‌یە لە پێکهێنان و شیتەڵکردنی ماددە؟!

وەڵام:

ئـەو فەیلەسـووفانەی کـە لـە روانگـەی نـووری قورئـانی پـیرۆزەوە نـەیان روانیوەتـە گەردوون و، لە کلاوڕۆژنەی "سروشت" و "هۆکارەکان"ەوە سـەیریان کـردووە، بۆیـان دەرکـەوتووە کـە: هاتنـەدی و یـەکگرتنی ئـەم بوونەوەرانـە لـە رێـی "سروشـت" و "هۆکارەکـان"ەوە گرێمـانێکی بـە تـەواوەتی بەتاڵـە و هێنـدە گـیروگرفتی تێدایـە کـە بەدیهاتنیان لەو رێگایەوە دەکات بە کارێکی ئەستەم و مـەحاڵ، وەك ئـەوەی کـە ئێمـە لـە گریمان و مەحاڵەکانی پێشوودا رووغمان کردەوە. لەبەر ئەوە، ئەم فەیلەسووفانە سەبارەت بەم گیروگرفتەوە بوون بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکـەمیان: بـوون بـە "سۆفستائی" و بە تـەواوی دەسـتیان لـە ژیریـی خۆیـان داشۆرد، ئەو ژیری‌یە هەستیارەی کە مرۆڤی لە ئاژەڵ پێ جیا کراوەتەوە. ئەم بەشەیان کە ئـەم رێگـەیان گرتەبـەر، کەوتنـە نـاوەندی پلەیـەکی زۆر نزمـتر لـە هـی ئـاژەڵان. چونکـە سەیریان کرد ئینکاری کردنـی بوونـی بونـەوەران و بوونـی خۆیشـیان، بـەلای ژیری‌یـەوە

Remove Watermark Now

گەلێ ئاسانترە لەوەی کاروباری بەدیهێنان بەدەست "سروشت" و "هۆکارەکان"ەوە بێت! بەم چەشنە، ئەم بەشەیان لەسەر لووتکەی کەماڵی ژیری‌یەوە بەرەو کەندەڵان و لیتاوی نەفامیی ڕەها پێیان هەڵخلیسکا و شۆڕ بوونەوە.

بەشی دووهەمیشیان: سەرنجیان داوە کە ئەگەر "سروشت" و "هۆکارەکان" بەدیهێنەری بوونەوەران بن، وەك گومڕایان لەو باوەڕەدان، ئەوا بەدیهێنانی شتێکی تەواو بچووکی تەنانەت وەك "مێشوولە" یان "تۆو" چەندەها گیروگرفتی لەژمارەبەدەری دێتە ڕێ و پێویستی بە توانستێکی هێندە مەزن دەبێت کە ژیریی مرۆڤ پەیی پێ نەبات. لەبەر ئەوە، خۆیان بە ناچار زانیوە کە ئینکاریی خودی بەدیهێنان بکەن و بڵێن: (هیچ شتێك لە نەبوونەوە بەدی‌ناهێنرێت)! پاشان سەرنجیان داوە کە: لەناوبردن و نەهێشتنی هەر شتێکیش کارێکی مەحاڵە، ئیتر بۆ خۆیان بڕیاریان داوە کە: (هیچ شتێکی خاوەن "بوون" لە بوونەوەردا لەناوناچێت) و، بە خەیاڵی خۆیان "بوون"ی بوونەوەرانیان بە چەند بارودۆخێکی ئیعتیباری(گوێرەیی)ی وەك "شیتەڵکردن و پێکهاتن" لێکداوەتەوە، کە لە ئەنجامی بزووتنی گەردیلەکانی بوونەوەر و تەوژم و شەپۆلەکانی "ڕێکەوت"ەوە پەیدا دەبن!

دەسا فەرموو سەرنجێکی ئەوانە بدە کە خۆیان لە پێشەنگی عاقڵ و تێگەیشتووان و لوتکەی کەماڵی "ژیری"دا داناوە، با بزانیت کە لە کام شیو و دۆڵی گەوجی و نەزانی‌دا دەخولێنەوە!

لەمەشەوە بۆ خۆت بزانە کە چۆن ڕێبازەکانی "گومڕایی" ئەم مرۆڤە ڕێز لێگیراوە دەخەنە هەڵوێستێکەوە کە مایەی گاڵتەجاڕی و سووکایەتی بێت، کاتێ ڕۆڵی ئیمانەکەی لەکار دەخات!

ئێمەش لە لایەنی خۆمانەوە لێیان دەپرسین کە:

ئایا چ شتێك لە توانستی ئەو کەسەوە بە دوور دەزانرێت کە هەموو ساڵێك لەسەر ڕووی زەوی‌دا چوارسەد هەزار جۆری زیندەوەر بەدی دەهێنێت؟ ئەو کەسەی کە هەموو ئاسمانەکان و زەویی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروست کردووە و، لە هەموو بەهارێکیشدا گەردوونێکی زیندووی نوێ – کە لە سەرجەمی گەردوون وردەکاری و دانایی زیاتری پێوە دیارە – لە ماوەی شەش حەفتەدا دروست دەکات؟

ئەو خواوەندە بەدیهێنەر و بەتوانایەی کە بە "توانست"ی خۆی پلان و ئەندازەی هەموو ئەو بوونەوەرانەی لە "زانست"ی خۆی‌دا دیاری کردووە و نەخشەی بۆ

Remove Watermark Now

کێشاون، چۆن بەدیهێنانی ئـەو بوونەوەرانـەی لـەتوانادا نـابێت لـەکاتێکدا کـە بەوپـەڕی ئاسانی بەدییان دەهێنێت و دەیانخاتە ڕوو، بـە وێنـەی ئاسـانیی دەرخسـتنی "نووسـراوێکی نەبینراو" تەنها بە هێنانی ماددەیەکی کیمیایی تایبەت بەسەر ئەو نووسینەدا؟

جـا ئیـتر بـە دوور زانینـی بەخشـینی "بوونـی دەرەکـی" بـەو بوونەوەرانـەی کـە لـە "زانست"ی خوای گەورەدا هەن و نەخشەیان بۆ کێشـراوە و بـە ڕوالـەت دیـار نین و بـە "عەدەم" ناو دەبرێـن، بـە دوور زانینی ئەم کـارە لـە توانستی ئـەزەلیی خـوای گـەورەوە، پاشان ئینکاری کردنی خودی بەدیهێنان، لە ڕاستیدا گەوجایەتییەکی گەلـێ زیـاترە لـە هی نەفامی و گەوجایەتیی سۆفستائیەکان!

دەروونی ئـەو سـەر لـێ شـێواوانە، کـە تـابلێی کۆلـەوار و دەستەوسـانن و، بەشـێکی جوزئی و یەکجار کەمی ویست و ئیختیار نەبێ هیچی تر شك نابەن، لە سنووری خۆیان لایـان داوە و لافـی فیرعەونایـەتی لـێ دەدەن. جـا کـە ئەوانـە سـەرنج لـە خۆیـان دەدەن و دەبینن: "لەناوبردن" و "بەدیهێنان"ی هیچ شتێکیان لەتوانادا نییە، چ گەردیلەیەك بێت و چ هەر ماددەیەك کە لە "نەبوو" و هیچەوە دروستی بکەن..

ئنجا کە دەبینن ئەو "سروشت"و هۆکارە ماددییانەش پالێیان پێـوە داوە و شـانازی بـە پەرستنیانەوە دەکـەن، ئـەوانیش سـەرتاپا کۆلـەوار و دەستەوسـانن و توانایـان نییـە لـە نەبوونەوە هیچ شتێك بەدی بهێنن، کاتێك ئەمانە لێك دەدەنـەوە، گەوجایـەتییان دەگاتـە ئەو ڕادەیەی کە بڕیارێکی گشتی دەربکەن و بڵێن: "المادة لا تُفْنَى ولا تُستحدَث". واتـە ماددە نە لـەناو دەبرێـت و نـە بـەدی دەهێنرێت. دەشـیانەوێت "توانسـت"ی بێ سـنوور و ڕەهای خواوەند بخەنە ژێر ڕکێفی ئەو دەستووورە هەڵە و ناڕەوا و ساکارەیانەوە[1].

بەڵێ، خوای گەورەی خاوەن توانستی ڕەهـا و شـکۆمەند، بـە دوو جـۆر شـتان بـەدی دەهێنێت:

(١) زانستی ئەمڕۆ لایەنە چەوتەکانی ئەم وتەیەیان ڕاسـت کـردووەتـەوە. بـە تایبـەت تیـۆری "تەقینـەوە مەزنـەکە BIG BANG" کە زۆرینەی زانایانی ئـەم سـەردەمە پشـتی دەگرن. بۆ زیـادە شـارەزایی لـەم ڕووەوە، بـە وردی بڕوانە کتێبی "نهێنیی ئەستێرەکان" وەرگێڕراوی مامۆستا "موحسین عەلی ئەحمەد" و، کتێبی "الإنفجار الکبیر" کە لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتییە و ئەو تیـۆرە ڕوون دەکاتـەوە. شـایانی باسـە کـە پێگـە زانسـتییەکانی ئـەمڕۆی تۆڕی ئینتـەرنێت، ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ، بەڵگـەی بەهێز و نـوێ بۆ پشتگیریی ئـەو تیـۆرە و ڕاسـتیی "بەدیـهێنان" پێشکەش دەکەن. خۆ ئەگەر دژە بۆچوونەکانی ئەم ڕاستییە بە کۆڵەکەی دەرەوەی بازنەی زانسـت و بـە زۆرە ملێ ڕاگیر نەکرانایە، ئەوا هەر لەمێژ بـوو ئـاڵای سپییان بە ئاشکرا هـەڵدەکرد، وەك ئـەوەی بـە زمـانی حـاڵ هەڵیان کردووە! (وەرگێڕ)

Remove Watermark Now

یەکەمیان: بەدیهێنان و دروستکردن. واتە لە "نەبوون" و هیچەوە "بوون" دەبەخشێت بەو شتەی کە دروستی دەکات و، ئنجا هەر شتێکیش ئەو بەدیهێنراوە پێویستی پێی ببێت، هەر ئەو خوایە، لە نەبوونەوە بۆی بەدی دەهێنێت و پێشکەشی دەکات.

دووهەمیان: بە بنیاتنان و سنعەت و وردەکاری. واتە بۆ مەبەستی دەرخستنی کەمالی دانستی خۆی و، بۆ ئاشکرا کردنی درەوشانەوەی زۆربەی ناوە جوانەکانی و، دانستە ورد و زۆرەکانی تری جگە لەمانەش، هەر لە تۆخمەکانی بوونەوەر، بەشێك لە بوونەوەران بەدی دەهێنێت و بنیاتیان دەنێت و، بەپێی یاساکانی "ڕۆزیدان" هەندێك لەو ماددە و گەردیلانەی کە هەموویان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەون، بۆ ئەو بوونەوەرە دەنێرێت تاکو بنیاتنانی "بوون"ی ئەویان پێ تەواو بکات.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە: خواوەندی خاوەن توانستی ڕەها، بە دوو جۆر و دوو شێواز بوونەوەران بەدی دەهێنێت: "بەدیهێنان" و "بنیاتنان". کەواتە لەناوبردنی شتێکی "بوو" و بەدیهێنانی شتێکی "نەبوو"ی گەلێ بەلاوە ئاسانە. تەنانەت ئەمە یاسای کارگێڕی خواوەندە لە گەردووندا.

جا ئیتر دوای ئەمانە، گەر کەسێك لەناوبردنی ئەو بوونەوەرانەی کە لە بەهاراندا خوای گەورە بەدییان دەهێنێت، لەو توانستە بە دوور بزانێت کە هەموو بەهارێك پتر لە سێسەد هەزار جۆری بوونەوەران و زیندەوەران دروست دەکات و، شکڵ و شێوە و سیفەت و چۆنێتی و حاڵەت و تەنانەت گەردیلەکانیشیان لە نەبوونەوە بەدی دەهێنێت.. ئەو کەسەی "بەدیهێنان" و "لەناوبردن" لەم توانستەوە بە دوور بزانێت و بڵێت: "ئەو توانستە ناتوانێت هیچ شتێك لە نەبوونەوە بهێنێتە بوون" دەبێ خۆی لەناوبچێت و نوقمی تاریکستانی "نەبوون" ببێت!

ئەم مرۆڤەی کە وازی لە "سروشت" هێنا و ڕێگای "حەقیقەت"ی گرتەبەر، دەڵێت:

(بە ئەندازەی هەموو گەردیلەکان سوپاس بۆ خوای گەورە، کە یارمەتیی دام ئیمانی تەواوەتیم دەستگیر ببێت و لە وەهم و گومڕاییەکانیش دەربازی کردم و، سەرجەمی دوودڵی و گومانەکانیشم نەمان و لەناوچوون)!

الحمدُ لله على دين الإسلام وكمال الإيمان.

﴿سبحانكَ لا علمَ لنا إلاّ ما عَلَّمْتَنا إنَّكَ أنتَ العليمُ الحكيم﴾.

Remove Watermark Now

بریسکەی بیست و چوارەم

پەیامی پۆشتەیی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿يا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلابِيبِهِنَّ﴾

تا کۆتایی ئایەتەکە لە سوورەتی: (الأحزاب:٥٩)

ئەم ئایەتە پیرۆزە فەرمان بە شەرمکردن و پۆشتەیی دەدات. بەڵام ڕای شارستانێتیی ساختە پێچەوانەی ئەم فەرمانە پەروەردگاریەیە؛ شەرمکردن و پۆشتەیی بۆ ئافرەت بە کارێکی سروشتی نازانێت، بەڵکو بە کۆت و دیلیی دادەنێت بۆیان[(١)].

وا ئێمەش لە نێوان چەندەها دانایی(حیکمەت) زۆر و زەبەندەدا لەوانەی کە بەڵگەی ئەوەن ئەم فەرمانە پیرۆزەی قورئان سروشتی ئافرەتان داخوازیەتی و، پێچەوانەی ئەم فەرمانەش دژی سروشتیانە، تەنها چوار دانایی باس دەکەین:

◆ **دانایی یەکەم:**

شەرمنی و پۆشتەیی کارێکی سروشتییە بۆ ئافرەتان و سروشتیان داخوازیەتی، چونکە ئافرەت نەرمی و لاوازی تێکەڵی بەدیهاتنیان بووە و، لە دەروونی خۆیاندا هەست

---

(١) ئەمە بڕگەیەکە لەو "لائیحە"یەی پێشکەش بە دادگای "تەمیز" کرا و، لە بەردەمی دادگادا خوێندرایەوە و دادگای بێ دەنگ کرد و، بوو بە پەراوێزی ئەم مەقامە:

(منیش بە دادگای بەڕێزی وەزارەتی دادگەری دەڵێم:

تاوانبار کردنی کەسێك کە بەرز و پیرۆزترین دەستووری خوایی تەفسیر دەکات، ئەو دەستوورەی کە حەقی ڕاستەقینەیە و لە هەموو سەردەمێکدا و لە ماوەی هەزار و سێ سەد و پەنجا ساڵدا سێ سەد و پەنجا ملیۆن موسڵمان لە کاروباری ژیانی کۆمەڵایەتییاندا پرس و ڕایان پێیەتی و ڕەفتاری پێ دەکەن.. ئەو کەسەی کە لە تەفسیرەکەیدا پشت بەو شتانە دەبەستێت کە سێ سەد و پەنجا تەفسیرنووس تیایاندا یەکیان گرتووە و سەلماندوویانە و، شوێن ئەو بیروباوەڕە کەوتووە کە باپیرانی پێشوومان لە ماوەی هەزار و سێ سەد و پەنجا ساڵدا باوەڕیان پێی بووە.. تاوانبار کردنی ئەم تەفسیرنووسە، بڕیارێکی ستەمکارانەیە و، بێ هیچ گومانێك دادگەری - ئەگەر لە ڕووی زەویدا هەبێت - ڕەفزی دەکات و دەست بە ڕووی ئەو بڕیارەوە دەنێت و هەڵی دەوەشێنێتەوە). (دانەر)